## هانای ژماره ١٥ مارسی ٢٠٠٠


١ــ سه رکوتکرانی ئازادی مه حکوم ده که ین.  ل ٢

٢ــ نامه یه کی کراوه له "له نده ن" ه وه. ل ٣

٣ــ هه له بجه قوچی قوربانی ناسیونالیزم و مه زهه ب / مصلح شیخ الاسلامی (ریبوار).  ل ٤

٤ــ بو ئه وه ی هه له بجه له یاد نه چیت.  ل ٦

٥ــ کام دوو کولتوور / ئارام.  ل ٧

٦ــ چه ند تیبینی کورت سه باره ت به "کام دوو کولتور" / سه رنووسه ر.  ل ١٤

٧ــ شیعر: ئاسو، محه مه د ماغووت، عه لی کیتابی، شیرکو بیکه س.  ل ١٥

٨ــ سی شیعری شیرکو بیکه س، به پیتی لاتین.  ل ٢٣

٩ــ مافی ژیان یان سزای ئیعدام / فاتیح به هرامی / به کر ئه حمه د.  ل ٢٤

١٠ــ پاکانه یه کی تر / سه فین عه لی.  ٣٢

١١ــ नامووس په رستی و ره شه کوژی ژنان له ئوردون / اعظم کم گویان / له یلا قاسمیانی.  ل ٣٥

١٢ــ داشقه / ب. سولین.  ل ٣٨

١٣ــ ئایا میژوو خه ریکه دووپات بیته وه؟ / سلیمان قاسمیانی.  ل ٤١

١٤ــ نامه یه کی کراوه / سه ید باقی.  ل ٤٤

١٥ــ هه واله کان راده گه یینن / سه ردار عبدالله.  ل ٤٦

١٦ــ من تیکوشام تا مروف بم ٪ چارلی چاپلین بو کچه که ی / عه لی کیتابی.  ل ٤٨

١٧ــ ته نیا سه رنج / کامران عبدالکریم.  ل ٥٠


***

هەوڵنامەی کتێب

# سەرکوتکرانی ئازادی مەحکوم دەکەین

**ئیمە ئیمزاکە رانی ئە م بە یاننامە یە شاعیران، نووسە ران، هونە رمە ندان، رۆژنامە نووسان و ﻫ ﻪ لسووراوانی مە یدانە کانی جواروجوری کولتوری و هونە ری وئە دە بی، هیرشی "حکومە تی هە ریمی کوردستانی عیراق" و "ی ﻪ کیە تی نیشتمانی کوردستان" بو سە ر سە رە تایی ترین ئازادی یە سیاسی یە کان و ئازادی یە فە ردی و مە دە نی یە کان لە کوردستان بە توندی مەحکوم دەکەین و خوازیارین کە حکومەتی هەریم بە زووترین کات ئەم داخوازیانەی ژیرەوە بە ئە نجام بگە یە نیت:**

**١ــ ریزگرتن لە ئازادی سنوورهە لنە گری سیاسی، ئازادی بی قە ید و شە رتی بیرورا دە ربرین، نووسین، ریکخستن و هە لبژاردن...**

**٢ــ کورت کردنە وە ی دە ستی ئایین لە سە ر دە ولە ت و قانوون و مافە ئینسانی و مە دە نی یە کان.**

**٣ــ کوتایی هینان بە هە لسوورانی تیروریستی تیروریستە کانی ئیسلامی و بە کریگیراوانی کوماری ئیسلامی ئیران لە کوردستانی عیراق.**

**٤ــ ئازادکردنی د ﻪ سبە جیی ئە ندامانی حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق و تە واوی ئە و بە ندی یانە ی کە بە ئاشکرا بە تاوانی هە لسوورانی سیاسی یە وە خراونە تە بە ندیخانە.**

هەواڵنامەی کتێب

**ئارام داود، سویسرا / ئازاد کەریم، سویسرا / ئازەر ماجدی، (سەرنووسەری گوڤاری فارسی "مدوسا") / ئالا ئە حمە د، سویسرا / ئە حمە د بازگر، سوید/ بژار ، کە نە دا / بە کر ئە حمە د، سوید / پشکو نجم الدین، سوید / پە یوە ستگای دیموکراتییە کوردە کان لە لوند_سوید، "تە لە فیزیونی KDFS L و گوڤاری چراخان"، سوید / توران عازم، (سەرنووسەری گوفاری فارسی "وەرزنامەی ژن")، سوید / جوتیار رانیە یی، سویسرا / جە زا سە مین، سویسرا / جە مال کوشش، سویسرا / حسن السعیدی / حە سە ن سە یدباقی، ئە لمانیا / حە مە عە لی حە سە ن، ئە لمانیا / حە مە سعید حسە ن، سوید / حسین مهینی (سە روکی فیستیوالی فیلم لە تاراوگە)، سوید / خالد بایزیدی، کە نە دا / دارا عەلی، کەنەدا / رامال عومەر، ئەلمانیا / رزگار عبدالله، سویسرا / رزگار عمر، کە نە دا / ریناس مجید عارف، هولە ندا / سالار رشید، سویسرا / سلیمان قاسمیانی، (سە رنووسە ری گوفاری هانا)، سوید / سمکو ئە حمە د، یابان / سەردار عبدالله، سوید / سەفین عەلی، سوید / سەلام عبدالله ئیبراهیم، ئە لمانیا / سیاوش مدرسی، (سە رنووسە ری گوفاری فارسی "پوشە")، ئە لمانیا / شاکر السماوی / شاهو پیرخضرانیان، سوید / علی مونشید / عە لی کیتابی، سوید / عیززە ت ئە حمە د، سویسرا / فاتح شیخ الاسلامی، سوید / فایق عبداللهی، سوید / فواد مجید میصری، هولەندا / کاراون کەریم، ئەلمانیا / کاوان قادر، کەنەدا / کاردو کامو، ئەلمانیا / لەیلا قاسمیانی، سوید / نادر بکتاش، فەرانسە / مصلح شیخ الاسلامی(ریبوار)، سوید / مؤید محمود، کە نە دا / مینا اسدی، (شاعیری فارسی زمانی ئیرانی)، سوید / وشیار قادر، سویسرا / هایدە درآگاهی، سوید /**

# نامەی ئاواڵە

بەریز مام جەلال سکرتیری گشتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان
پاش سلاویکی گەرم. ئیمە ئیمزاکەرانی خوارەوە دەمانەویت سەرنجی جەنابتان بو چەند خالیکی گرنگ و جیی مەترسی راکیشین کە تایبەتە بە داواکاری نەزەر عەلی ئەکبەر، جیگری وەزیری ناوخو بو بەریز حاکمی بدائەی سلیمانی لە دژی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق کە لە روژی ٢٠٠٠/٣/٥ پیشکەشی کردبوون.
بو ئیمە وەك رووناکبیرانی کورد لە هەندەران جیی داخ و کەسەریکی گرانە کە کاك نەزەر عەلی ئەکبەر چەند خالیك دەکات بە سەرچاوەی شکاتنامەکەی دژی حزبی کومونیستی کریکاری عیراق کە تا ئیستا حکوومەتە دەسەلاتدارەکانی ناوچە و دژ بە کورد بە کاریان هیناوە.
جیی داخە کە ئیمرو دەسەلاتی کوردی کەسان یا لایەنیك بە تاوانی وەك:
١ـ بلاوکردنەوەی بەیانی تەشهیرکردن بە حکومەتی هەریمی کوردستان. (بەندی یەکی شکاتنامەکە)
٢ـ چاپکردنی ناميلکەيەك بە ناوی قانوونی یەکسانی ژن و پیاو و بەستنی سیمینار لە سەر ئەم بابەتە. (بەندی دووی شکاتنامەکە)
٣ـ کوکردنەوەی هاوکاری مادی (تبرعات) بو ریکخراوەکەیان. (بەندی سیی شکاتنامەکە)
٤ـ داواکردن لە خەلکی بو دەنگدان لە گەل سەربەخوبی و جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق. (بەندی چواری شکاتنامەکە)
٥ـ پەیوەندی بەستن بە بیگانە و ریکخستنی ریپیوان بی وەرگرتنی روخسەتی ئوسولی. (بەندی حەوتی شکاتنامەکە) یان
٦ـ لە هەمووی سەمەرەتر بە تاوانی بوونی کەسانی کوردی پارچەکانی تری کوردستان ـغەیری عیراقیـ (بەندی نوی شکاتنامەکە) لە سەرکردایەتی ئەم حزبەدا... سزا بدات.

ئەم شەش خالەی سەرەوە کە بە تاوان دیاری کراون، لە کومەلگایەکی دیموکراتی و شارستانیدا، بەشیکی زور سەرەتایی مافی مروفن. هیواداریین کە بەریزتان لەم بوچوونەدا هاورای ئیمە بن و ریگەنەدەن ئەم مافانە پیشیل بکرین و توانا و دەسەلاتی خوتان بو کوتاییهینان بەم کیشەیە بە شیوەیەکی هیمن و دیموکراتیانە بە کاربهینن. دلنیابن کە ئەو کارە بە سوود و قازانجی گەلی کوردستان و پاشەروژی دیموکراتیەت دەبیت.
تکایە ئەم نامەیە لە روژنامەکانی خوتاندا بلاو بکەنەوە.
لە گەل ریزمان:
نەزەند بەگیخانی، لەندەن / سەعید شەمس، لەندەن / عباس وەلی، سوانزی، بەریتانیا / صەباح غالب، لەندەن / هاشم کەریمی، لەندەن / کاوە قەرەداغی، لەندەن / شەمال کاوە، سوید / ئەحمەد لەبادی، سوید / هەندرین ئەحمەد، سوید /

هەواڵنامەی کتێب

# هەلەبجە؛ قوچی قوربانی ناسیونالیسم و مەزهەب!

مصلح شیخ الاسلامی "ریبوار"

١٦ی مارسی ١٩٨٩، لە گەرمەی شەری کونەپەرستانەی دوو ناسیونالیسمی هاری ئیران و عیراقدا و، بە دەستیاری ناسیونالیسمی داماوی کورد، شاریک شەهید کرا بە جاریک. وەک تە نزیکی تالیش، لە وساوە گویمان لە بالورە ی هەمان ناسیونالیستانە کە، بە ریشدار و بی‌ریشیانەوە، بی‌ئەوەی شەرم لە کاری خوکردەبکەن، خەریکی بالورەی کونە پە رستانە ن بە سە ر هە لە بجە دا. بە لی، دوای کوشتنمان خە ریکن تە رمە کانیشمان دە فروشن.

حیزبە ناسیونالیستەکانی کورد، کە هەمیشەودایم ستەمی میللی‌یان کردوەتە بەهانەیەک بو بەشداربوونیان لە دە سە لاتی حاکم بە سە ر خە لکی ناوچە دا، قە ت چاویان، نە لە مە سلە حە ت و ئاسوودە یی ئە و خە لکە بووە و، نە لە چارەسەرکردنی مەسەلەکە. کەس لەبیری نەچوەتەوە کە ئەوە هیزەکانی ناسیونالیسمی کوردبوون، بەمیزەردارو بی میزە ریانە وە، کە وتنە پیش هیزە درندە کانی رژیمی ئیسلامی ئیرانە وە و ئە وانیان هینایە نیو هە لە بجە. لە ولایشە وە، هیزە درندە کانی رژیمی بە عسی عیراق، بە و بە هانە ناسیونالیستی یە کە بو پاراستنی خاکی عیراق هە موو جینایە تیک دەکەن، ئەو کارەساتەیان قەوماند؛ کارەساتیک کە بو دلرەقی و دژایەتی بەشەرییەت شانی داوە لە شانی باقی جینایە تە کانی ناسیونالیسم وە ک هیروشیما و ژینوساید.

ئەو درندەیی‌یە تایبەت بە بەعس و صدام نیە و لە ئایدیولوژی ناسیونالیستی دەوەشیتەوە. هەروەک بەهانەی ئیمپریالیسمی ئەمریکا، بو بومبارانی ئەتومی هیروشیما لە کوتایی شەری دووهەمدا، ئەوە بوو کە گوایە گیانی ژمارە یە ک سە ربازی ئە مریکایی لە لایە ن هیزە کانی ژاپونە وە لە مە ترسیدا بووە! بەهانە یە کی درو کە تە نیا دە یتوانی خە لکی مە سموم بە ناسیونالیسمی ئە مریکایی دامرکینی. دە نا هە مووکە س دە یزانی کە، سی مانگ پاش تە سلیم بوونی ئەلمان، ئاگوستی ١٩٤٥، بە کردەوە، شەر تەواو ببوو؛ تەسلیم بوونی ژاپونیش لە ئە مرو و سبە ی دا بوو. کوشتاری درندانە ی نزیکە ی نیومیلیون لە خە لکی بی چە ک و بیدیفاع، تە نیا بە دوو بومبای ئە تومی، گوایە بو نە جاتدانی چە ند هە زار چە کدار، تە نیا دە یتوانی کە سانی هە لخە لە تاو بە شوڤینیسم رازی بکا؛ دە نا هە موو مندالیکی دە سالان هیندە حیساب کردنی دە زانی کە نیومیلیون خە لکی هیروشیما و ناکازاکی ژمارە یە یان دە یانجار لە ژمارە ی ئە و سە ربازانە زورترە؛ بە و شە رتە ی خە لکی هیروشیما و سە ربازی ئە مریکایی بە هاوسە نگ و بە رابە ر بزانی!
بە لام ئە وکاتیش هە ر ئە م خورافە یە فریای سە رکردە جە نایە تکار و شە رخوازە کان کە وت کە ئە مریکایی و ژاپونی، بو ناسیونالیستی هیچ لایەک، وەک بەشەری بەرابەر و هاوسەنگ دانانرین. هەروەک لە سەراسەری شەرە ناسیونالیستی‌یەکانی سەدەی رابوردوودا، بە دوو شەری جیهانی‌یەوە، هەمیشە وا حیساب کراوە کە هە رچە ندی لە خە لکی ئە وبە ر بکوژری هیچ بایە خیکی نە بووە! نە ناسیونالیستی فە رانسی دلی بو کوژرانی ئینسانی ئە لمانی سووتاوە، نە لەم بەریشەوە کەس میشیک میوانی بوو ئەگەر هەزاران مندالی فەرانسی بی‌دایک وباب و تە نانە ت بی گیان بوایەن! شەش میلیون جوو کورژران چونکو جوو بوون! بەلی ناسیونالیسم، کە کولانە ی هە لینانی کرمی فاشیسم و نازیسمی جوراجورە، شە رمی بە شە رییە تە و نیشانە یە کی ئاشکرای ریاکاری ریسوای نیزامی سە رمایە داری یە کە ئینسان تییدا قیمە تیکی نیە و ئە وە ی دە پاریزری، نە ک ریزی ئینسان، بە لکو قازانج و بە رژە وە ندی سە رمایە و بازارە.

هەواڵنامەی کتێب

تاکەی بەشەرییەت دەبی تاوانی قازانج و زەرەری سەرمایە بدا؟ دیارە تا سە رمایە بە سە ر بە شە رییە تدا زالە ئیتر بەمەیلی خومان نیە و ئەوەی زالە خوی دەسەپینی. کەوایە دەبی شەقیک لەم نیزامە هەلدەین تا یەکجاری ئە رخایە ن بین. ئە م شە قە ش ئاسان نیە و پیویستی بە خوئامادە کردنی زیاترە... بە لام تا ئە م شە قە مان هە لنە داوە، ئایا ناتوانین خومان لە گیژاوی شە ر و نە گبە تی ناسیونالیسم و فاشیسم دوور راگرین؟ دە بینین کە مە ینە تی دە سە لاتداری ناسیونالیسم بی ئەندازەیە و نەک هەر کیشەی چیچین و کوسوڤو، بەلکو کیشەی دە سە لاتداری چوار حیزبە شرە ی ناوچە کە ش دە بیتە هوی مالویرانی و دە ربە دە ریمان.

کاتیک ئینسان قیمەتی نیە و پیمان دەلین کە مندالەکانمان "بو وەتەن وەک کور... بگەوزینین لە نیو خوین و قور"(١) دە بی شە ق لە دە سە لاتی چی حیزبە شرە ی ناسیونالیستە هە لدە ین. ئە م شە قە، بە لام، زور دژوار نیە. مە زهە بی سیاسی و ناسیونالیسمی ئیرانی لە ژیر پە لاماری کومە لانی خە لکی ئیراندایە. رژیمی بە عسی، لە دە سە لاتی کوردستان کەنارە. حیزبە شرە مەزهەبی و ناسونالیستەکانی ناوچەش پاش شەری نیوخویی و ئە و هە موو کارە ساتە، لە وانە کارەساتی هەلەبجە، جیگای باوەری جەماوەری کوردستان نین. باشترین ریزگرتن لە گیانبە خت کردووانی هە لە بجە کوتایی هینانە بە دە سە لاتی حیزبە مە زهە بی و ناسیونالیستە کان کە خویان لە بە رپرسانی ئە م کارە ساتە ن.

١. هەژاری موکریانی شیعری "لایە لایە".

هەواڵنامەی کتێب

# بو ئەوەی هەڵەبجە لە یاد نەچیت

بو ئه وه ی هه له بجه له یاد نه چیت له به رده م سه فاره ت و کونسولیه ته کانی ئه لمانیا له له نده ن/ مالمو و ستوکهولم، سوید / بیرن له سویسرا / ڤین له نه مسا، پروتیست ده کریت و له شاره کانی ئه لمانیا: موینشن، گویتنگن و به رلین ئه کسیونی جوراوجور ئه نجام ده دریت.

۱۶/۳/۲۰۰۰، روژی تیپه ربوونی دوازده ساله به سه ر یه کیک له تاوانه هه ره گه وره کانی میژوو له دژی مروڤایه تی. ئه م تاوانه ش رووبه رووی یه کیک له گه له ژیرده سته کانی دنیا بووه، گه لی کوردستان. له م روژه دا هیزی ئاسمانی له شکری عیراق شاری هه له بجه ی به ژه هری کیمیاوی بوردومان کرد و بووه هوی کوشتنی زیاتر له پینج هه زار که س و بریندارکردنی زیاتر له ده هه زار که س و ئاو و ژینگه ی شاره که و ده وروپشتی ویران کرد. به مه یش شاری هه له بجه بوو به ناونیشانی به ربه ریه تی ده سه لاتی فاشستی عیراق و توانا و هوشیاری و شارستانیه تی و ده سه لاته دیموکراتییه که ی ئه لمانیا و لایه نه کانی تریش.

هه ر له ده زگای موخابه راتی ئالمانی (BND)، ده زگای تیروریستی ده وله تی ئه لمانیا (GSG9) بو مه شق پیکردنی کوماندوی پاراستنی سه دام، مونوپولی دایمله ر به نز (مه رسیدس) و فولکس واگن تا ده گاته بانقی ده وله تی هیرمس، بنکه ی لیکولینه وه ی سه ربازی وه ک کارل تسایز، (MBB) دیگوسا له هانوفه ر، گیلده مایسته ر له بیله فیلد، ئه مجار شه رکه ته کانی گازی کیمیاوی وه ک کارل کولپ، پیلوت پلانت، پرویساگ، (WET) و شه رکه تی (WRB) و چه ندین شه رکه تی چه ک و ته قه مه نی دروستکردنی ئه لمانی و حیزبه ده سه لاتداره کانیان ده ستیان له خوینی شه هیده کانی هه له بجه و دیهاته ژه هربارانکراوه کانه.

به گویره ی گفتوگویه ک له گه ل بیتله ر له گوڤاری "دیرشپیگل"دا: "له و ۲۵ شه رکه ته ی که چه کی کیمیاویان بو عیراق ناردووه یا یارمه تییان داوه بو دروستکردنی، هه فده یان ئه لمانیین". ئه مه خوی له خویدا پیشانی په یوه ندی یه کی ستراتیجی له نیوانیاندا ده دات، واته: ئه لمانیا ساله های ساله به هه موو هوشیارییه که وه هه ولی داوه کوپییه کی خوی له ناوچه که دروست بکات؛ کوپییه ک که بووه به سه رچاوه ی تیرور و کوشتنی به کومه ل له ناوه وه و ده ره وه.

به پیی ئه م راستیانه ئیمه وه ک کومه لی که سان و کومیته و ریکخراوه هه لده ستین به یه که م چالاکیمان له به رده م بالویزخانه و کونسولیه ته کانی ئالمانیا. مه به ستمان له م چالاکیانه دا ئه مه یه: داوای قه ره بووی زیانه گیانی و مادییه کانمان له حکومه تی ئه لمانیا ده که ین و هه تا داواکارییه کانیشمان جیبه جی نه بیت، له هه ر شوینیک بین، به شیوه ی جوراوجور دریژه به چالاکییه کانمان ده ده ین تا به ده ستیان ده هینین!

هه ریم جاف، روژنامه نووس، بریتانیا / ریکخراوی میدیکو ئینترناسیونال، ئه لمانیا / هانز برانشاید، لیپرسراوی میدیکو ئینترناسیونال / حه مه سه عید حه سه ن، شاعیر و نووسه ر، سوید / کومه لیک خه لکی هه له بجه له شاری موینشن / کاروان که ریم ئه حمه د، هونه رمه ند، ئه لمانیا / حاجی ئه نوه ر، خدر محه مه د ئه مین، دلشاد حوسین قادر، صه مه د محه مه د ئه مین، خدر عه بدوللا، سه رهه نگ عه بدوللا، سابیر محیه دین عه لی، به ختیار قه ره داغی، ته ها مه حه مه د، ئه میره ئه حمه د، له سویسرا / ریکخراوی ئه لمانیای حیزبی شیوعی کوردستانی عیراق / کاردو کامو، روژنامه نووس / یاسن بانیخیلانی، نووسه ر / سلیمان قاسمیانی، سه رنووسه ری گوڤاری هانا و له یلا قاسمیانی له ده سته ی نووسه رانی گوڤاری هانا/ ده سته ی به ریوه به رانی رادیوی شه به نگ، سوید / س. چ . هیرش به ریوه به ری گوڤاری گزینگ / سه رنووسه ری مانگنامه ی چراخان، سوید / سه لیم داود "ئارام"، روژنامه نووس / د. ناسر سورانی، سویسرا / سه لام عبدالله ئیبراهیم، نووسه ر و روژنامه نووس /

۵/۳/۲۰۰۰

# کام کولتوور...؟!

ئارام

دیارده ی موده خوازی ئه مرو وه ک نه خوشیه کی سایکولوژی دوچاری خو به سیاسی زان و خو به روشنبیرزانی کوردی مال ویران بووه ، به تایبه تیش ئه م سیاسی و روشنبیرانه ی که له هیلکه یه کی پیس بوو ده چن، سه رده مانیک له مه فقه سی به ناو شویعیه تدا چاوه روانی تروکانیان لیده کرا ، به لام کاتیک ده رکه وت که وا هه م مه فقه سه که و هه م هیلکه کان ئه وه نین که چاوه روان ده کران، بویه هه ردوای ویران بوونی مه فقه سه که هیلکه کانیش پیسیان کرد.

خه مخوره کانی کوردایه تی، ئه مرو باچاک بزانن ئه گه ر دوینی له مه فقه سی به ناو شیوعیه تدا وه ک هیلکه یه ک نه تروو کان و پیسیان کرد ، ئه مرو ناتوانن له مه فقه سی کوردایه تیدا گه نیویه تی خویان له خه لکی سته مدیده و زه حمه تکیشانی کوردستان بشارنه وه، بویه من به ناوی کورده مالکاولبووه که وه تکایان لیده که م جامانه قیت و قوزه ی کوردایه تی وه ک کاسکیته که ی لینینی مه زن و گیڤارای ره مزی شورشگیری به که لله و میشکی ئه له رجی داریان پیس نه که ن و واز بینن!

خوینه ری به ریز ئه م سه ره تایه بو ئه وه بوو که وه ک سه ره داویک به ده ستیه وه بگرم و بوچوونه نیو پرسیک که ئه مرو زیاد له هه موو سه رده میک بووه ته موده ی ئه م سیاسی و روشنبیره مودیرنانه ی کورد ، ئه ویش موده ی دژایه تی کردن و هیرش کردنه سه ر بیرو باوه ری ئینسانیانه ی کومونیزم له سه نگه ری بیری نه ته وه خوازی به رچاوته نگدا.

دیاره ئه م جه نابانه به ریژه که م نین، به لام ئیمه بو ئه مجاره و بو نمونه ش ته نها کـــــاک موحسین ئه حمه د عومه ر و platform ه که ی "هه تاو" ده خه ینه به رباس.

کاک موحسین ئه حمه د عومه ر له ژماره ١١و 12ی گوفاری "هه تـــاو"دا، له لاپه ره ٧ی ئازاری ١٩٩٧ له ژیر ناونیشانی "دوو کلتوور" بابه تیکی بلاوکردوته وه.

له راستیدا کاتیک خوینه ری وریا ئه م نووسینه ی موحسین ده خوینیته وه یه کسه ر ئه م نووسینانه ی دیته وه یاد که کاتی خوی و ئیستا و بگره دوا روژیش نووسه ره کانی ده رباری به عس و ئه قلیه تی کونه په رستانه ی ناوچه که دژایه تی بیرو باوه ری پیشکه وتوخوازانه ی شیوعیه تیان پیده کرد و ده که ن. به لام به رله وه ی راسته وخو له گه ل برای نوسه ر و ئه وانی وه ک ئه و کاریکاتیریانه بو ئه م مه سه له یه ده چن ئاخاوتن بکه م، ده مه وی ئه م راستیه هه م به کاک موحسین و هه م به خوینه ری ئازیز بلیم که مه به ستی وه ده نگ هاتنی من له سه ر ئه م مه سه له یه به مانای داکوکی کردن نیه له هیچ حیزب و لایه نیک به لکو ته نها داکوکی کردنه له ئایدولوژیای ئینسانانه ی کومونیزم و میلله تیکی زورلیکراوی وه ک کورد.

خوینه ر کاتیک په ره گرافی یه که می نووسینه که ی کاک موحسین ئه حمه د عومه ر ده خوینیته وه ریک وه ک ئه م رانک وچوغه سه قه تکراوه ی دیته به رچاو کاتیک په له ی لیکرابیت و به ده ستی به رگدرویه کی تورکمانه کانی ناو قه یسه ریه کانی هه ولیر به رادان درابیت.

بابزانین چی نوسیووه..؟!:

"سه رده میکی زوو هه ر له سالانی سییه وه له ناکاو مارکسیزم و کومونیزم له ناو عه ره به کانی عیراق وه ک زره کوارگیک سه ری ده رهینا ئه مه ش له سه ر ده ستی چه ند نیمچه روشنبیریک که بی ئه وه ی ئاور له کلتووری هه زاران ساله ی ناوچه که و که سایه تی راسته قینه ی مروڤی ئه و ناوچه یه بده نه وه، دابرانیکی ته واو به لام نه زوکیان له گه ل رابردووی کلتووره که یان دروست کرد... ده لیم نه زوک یان نیگه تیڤ چونکه نیمچه روشنبیر هه ر ئه مه ی له ده ست دیت... هتد"

خوینه ری به ریز تکایه نوسینه که ی کاک موحسین ورد بخوینه وه، بزانه شه ونخوونی و هیلاکی بازاری کوردایه تی چون

سه ری له کاک موحسین شیواندووه. نووسه ر دان به و راستیه دا ده نیت که وا مارکسیزم و کومونیزم له نیو واقیعی په یوه ندیه کومه لایه تی و په یوه ندیه کانی به رهه مهینان له ئه وسای عیراق سه ری ده رهیناوه، به لام ئه م به زره کوارگی ده چوینی و به قه ولی خوی کوارگی حه قیقی نیه. که ئه م ده یه ویت به خوینه ری بلیت کوارگی حه قیقه ت عروبه ت و کوردایه تی یه حه یاته که. دیت ده یخاته نیو قوتوی معه له بات و له بازاری به هه رمینی بیری نه ته وایه تیدا به نه وه ی ئه مرو و داهاتووی کوردی له هه موو دینان بووی ده فروشیت.

ده سته واژه ی "نیمچه روشنبیر" که کاک موحسین له نوسینه که ی وه ک ده ربرینیکی موهه ریجانه به کاری هیناوه، من هیچی لی حالی نه بووم، به لام وه ک له سه رتاپای نووسینه که ی ده رده که ویت له م ده ربرینه به گومانه. من پیم وایه له نیوان روشنبیر و ناروشنبیر شتیکی تر نیه ناوی نیمچه روشنبیر بیت. کاتیکیش که چه مکی روشنبیر پیناسه ده که ین: بریتی یه له و که سایه تی یه، که په یوه ندیه کی ئورگانیکی زیندووی به کومه له وه هه بیت و باوه ری به ئایدیایه کی ئینسانی هه بیت و توانای ریوایه تکردنی دوینی و پیناسه کردنی ئه مرو و پیشبینیکردنی سبه ینیی له تیوری دا هه لگرتبیت و ئاماده ش بیت بچیته مه یدانی پراکتیکه وه.

ئه مانه ی که کاک موحسین ئه حمه د به "نیمچه روشنبیر"یان ده داته قه له م به هه موو مانایه ک ده که ونه خانه ی ئه م پیناسه کورته ی روشنبیر که له سه ره وه ئاماژه مان پیکرد. رابه رانی فکری کومونیزم و مارکسیزم له عیراق هاورییان (فهد، سارم، حازم، جه مال حه یده ری و...هتد) هه تا دوا هه ناسه کانی ژیانیان راستگو و وه فادار بوون به و کومونیزم و مارکسیزمه ی که کاک موحسین ئه حمه د به زره کوارگ ناویان ده بات. هه ر ئه و راستگویی و وه فاداریه شیان بوو که بوو به هوی ئه وه ی رژیمی پاشایه تی ئه وسای نوکه ری ئیمپریالیزم دوای دادگایه کی پر له شه رمه زاری و گالته جاریانه فه رمانی خنکاندنیانی دا. ئه مرو و سبه یش، میژوو ته فره ت له بکوژانی ئه م هاوریيانه و شه هیدانی ریگای رزگاری گه لانی عیراق ده کات و به شکو و شانازیشه وه لاپه ره کانی خوی به ناو و کرداری شورشگیرانه ی مارکسی یه شورشگیره کان ده رازینیته وه.

ویژدان بو مروف وه ک جوریک له پیوانه یه بو بوونی نه زعه ی مروڤایه تی له بوونی مروڤدا، به لام کاک موحسین پی ده چیت له به ر زالبوونی لایه نی عه قلانیه ت ومه عریفیه ت به سه ریدا...(!) لایه نی سوز و عاتیفه و ویژدانیه تی له نووسینه که یدا له به رچاو نه گرتبیت!! ئه وه ته کاتیک باسی رول و کاریگه ریتی فکری کومونیزم و مارکسیزم ده کات، هه موو به رهه می ئینسانیانه ی به دابرانیکی نه زوک و نیگه تیف هه لده سه نگینی به لام میژووی نیو سه ده ی زیاتری شیوعیه کانی عیراق و ناوچه که سه لماندوویه تی که وا ئه گه ر کلتووریک رووی هه بیت بیته نیو کلتووری مروڤایه تی ئه وا کلتووری شیوعیه کانه چ له ئاستی عیراق و ناوچه که به گشتی و چ له سه ر ئاستی کوردستان به تایبه تی. ئه وانه ی که وه ک روژ هه میشه ده دره وشینه وه به رهه مه کانیان هه م خزمه تی مروڤایه تی به گشتی وهی نه ته وه کانی خویان به تایبه تی کردووه.

سه رتاپای کلتووری میلله تانی ناوچه که و کورده که ی خومان هه لگیر و وه رگیر بکه یت جگه له کولتووری سه رده می شیوعیه ت له م ناوچه یه دا به رهه میکی ئینسانیانه نابینیت... به لکوو هه مووی بریتیه له مه سائیلی زاتی و سوز و عاتیفه ی تاکه که سی و هه ستی رومانسیانه ی میلله ت په رستی وئاین په رستی ده مارگرژ.

نووسه ر دریژه به نووسینه کارتونیه که ی ده دات و ده لی:

"هه ر زوو ئه م دابرانه نه زوکه به رگیکی سیاسی له به رکرا و وه ک پارت و گروپی سیاسی سه ری خویان له ناو خه لک ده رهینا..."

دیاره ئه م بوچوونه ش بوچوونیکی ناشیانه یه. به چونیه تی بیرکردنه وه ی کاک موحسین، کومونیزم و مارکسیه ت نابیت له چوارچیوه ی پارت وریکخراو دا جیگیر بیت و بو مه سائیلی خه بات و تیکوشان بو رزگارکردنی چه وساوه کان و نه ته وه زورلیکراوه کان ئاماده یی تیادا بیت. بوی هه یه کاک موحسین وه ک روشنبیریک و ئه کادیمیستیکی کامل و بی غه ل

وغه‌ش ئه‌و ماوه‌یه‌ی که له فه‌ره‌نسا ژیاوه که‌وتبیته ژیر قودره‌تی قوتابخانه‌ی ستروکتورالیزم و کاریگه‌ریتی مارکسیزمه ستروکتوریه‌کانی وه‌ک: ئالتو سیرولوسیان سیاج و نیکولای بولانتزای... و هتد ی له سه‌ر بیت؛ به‌لام به داخه وه له م چه تالکردنه ش سه رچیغ چووه!!

کاک موحسین ئه حمه د عومه ر له وانه که به پیت و به ره که ته کانی بیری نه ته وایه تی سواری ئه سپی قه له م ده بیت ولینگی لیده کوتیت و ده فه رموی:

"به‌قودره‌تی خوا چه‌ند زره روشنبیریکی کوردیش که‌وتنه به‌ر ئه‌م دابرانه سه یر و سه مه ره یه و ئه م زره کوارگه یان گواسته‌وه کوردستان... هه‌لبه‌ت خاک و ئاو و هه‌وای کوردستانیش بو شین‌بوونی چروکه‌کوارگیک و زره‌کارگیک له باره... به لام تا چ راده یه ک ئه م زره کوارگانه له بازاره کانی کوردستان فروشران، ئه مه وردبوونه وه ی ده وی... کومو نیزم به و زره شیوه ش که هه بووه، تا ئیستاش هه ر رووبه رووی که سیتی راسته قینه و ستراکتوری تایبه تی کومه لگه ی کورد بوته‌وه... کومونیزم وه‌ک بیریکی هه‌میشه نامو که‌وتوته‌وه؛ ئه‌وه به جیا له کیشه ی نه ته وایه تیش، که به هه ق و ناهه ق دژایه تی کردووه."

ده‌بی بلیین جیگای داخه هه‌تا ئیستا چ که‌سایه‌تیه شیوعیه‌کان وه‌ک ئه‌ندام له "ح٠ش٠ع"(۲) و چ که سایه تیه شیوعیه ناحیزبیه‌کان، به‌شیوه‌یه‌کی بابه‌تیانه به له به‌رچاوگرتنی هه‌ل و مه رجی میژوویی و ئاستی گه شه کردووی روشنبیری به شیوه‌یه‌کی گشتی و چونایه‌تی په‌یوه‌ندیه‌کانی کومه‌لایه‌تی له ئه‌وسا و ئیستای عیراقدا، لیکولینه‌وه‌یه‌کی دروست و زانستیانه‌ی ئه‌وتویان نه‌کردووه. هوکاره‌کانی کزی و سستی بزوتنه‌وه‌ی بیروباوه‌ری کومونیزمیان له عیراقدا به دروستی ده‌رک پی‌نه‌کردووه؛ به‌رده‌وامیش له‌دیاریکردن و چاره‌سه‌ردانان بو جه‌سته‌ی نه خوشکه وتووی کومه لگه ی عیراق کورتی دینن!

به له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌و راستییه‌ی که‌وا "ح٠ش٠ع" هه‌رله روژانی سه‌رهه‌لدانیه‌وه که تا ئه‌مروژ به‌ده‌یان شیوازی جوراوجور له لایه ن دوژمنه کانیه وه دژایه تی ده کریت و به رده وام له هه ولی له ناوبردنیدا بوون. به لام با ئه م بوچوونه ش پاکانه نه بیت بو ئه م نه هامه تیانه ی که به سه ر گه لانی عیراقدا هات، که دیاره حیزبی شیوعی پیبزانیت یان نه زانیت ئوبالی ئه م رووباره خوینه ی که زیاتر له نیو سه ده یه سه رچاوه ی له خوینی جه سته ی به شمه ینه تانی عیراق گرتووه، زیاتر ده که ویته ئه ستوی ئه وان. گومانیش له وه دا نیه که وا زه ربه ی ئه م هه مو خوینرشتنه ش ته نها به شیوعیه کان قه ره بوو ده کریته وه، به گه رانه وه یان بو شاریگای خه بات وتیکوشانیان، که ریگای سه رکرده هه رگیز نه مر و شه هیده زیندوه کانیانه.

بو نووسینه وه ی میژووی خه بات و تیکوشانی شیوعیه کان له عیراقدا به لایه نه نیگه تیڤ و پوزه تیڤه که یه، هه تا ئیستا شتیکی ئه‌وتو نه‌کراوه، جگه له هه‌ولی تاکه‌کسیانه‌ی چه‌ند که‌سایه‌تیه‌کی له شیوعیه ت چووه وه نه بیت که به م دواییانه هه ستاون له دووتوی به رگی کتیبی بیره وه ریه کانیان زور به عاتفیانه و قسه ی خه یریانه به دور له تیروانین و خویندنه وه ی لوجیکیانه باسی ئه م کاروانه سسته له وه ستان نه هاتووه ده که ن.(۳) من پیم وایه هه تا ئه مرو هیچ کام له م که سایه تیه شیوعیه کونانه ی که ئه مرو له شیوعیه ت چوونه ته وه، له نووسینه کانیاندا به قه د دوو ده رویشه که ی ته ریقه تی کوردایه تی، ماموستایان مه سعود محمد و جه مال نه به ز(۴)، ناراسته وخو خزمه تی بیروباوه ری کومونیزمیان نه‌کردوه...! ده‌ک پیروزیان بیت...! بوی هه‌یه ئیستا ئه‌م دوو ماموستا به‌ریزه و قوتابیه زیره‌که‌کانیان و (شیوعیه عه جایبه کان، که باوه ریان وایه خه باتی نه ته وایه تی ده بیت پیش خه باتی چینایه تی بخریت!) بلین جا که ی ئه مه کوردایه‌تیه کاکه برا که تو ئه‌مرو به‌رومانیدا ده‌یته‌وه! له وه‌لامی پرسیاری وادا نابیت له وه نده زیاتر بگوتریت که ریبازی نه ته وه خوازی و خه بات له ریگای رزگاری نه ته وه هه رگیز له وه پاکتر و پیروزتر نابیت ئه گه ر نه ک به حه وت "ئاو"ان، به لکو به هه موو ئوقیانوسه کانی بشوردریته وه!!

نه‌ته‌وه ئازاد و سه‌ربه‌خوکانی دنیا، ئه‌وانه‌ی له سه‌روه‌ریه‌تی نیشتیمان ژیان به سه ر ده به ن و خیر و بیری نیشتیمان

گه یاندوونی به به هه شتی سه رزه مینیان، ئه وانه ی ناسنامه ی نه ته وایه تیان هه لگرتووه و له ژیر ئالا ره نگاو ره نگه کانی نیشتمانیان پشووه خه وی قول قول ده ده ن دیاره چه نده به خته وه ر و ئاسو ده ن...!! ئه مرو له هه ژارترین و نه دارترین ولاتی ئه فریقیه کانه وه بگره که مافی سه ربه خویی سه ندووه هه تا ده گاته ده وله مه ندترین ولاتانی جیهانی سییه م و مامناوه ندیترین ولاتانی ئه مریکای لاتین و ئه ورووپای روژهه لات، هه ر هه موویان کوچی به کومه لی روله کانیان به رده وامه. ئاخو ده بیت ئه م رولانه، ئه م خه لکه بو ئه وه نده بی وه فا بن نیشتمانی ئازیزیان به جی بهیلن...؟! تو بلیی هیشتا هه ست به تام و چیژی نه ته وه خوازی و نیشتمانپه رستی نه که ن؟! سه یره...! داوا له کاک موحسین و سیاسی و روشنبیره مودیرنیزمه کانی راونراو له کوردستان ده که ین ئه گه ر به کورتیش بیت وه لامی خوینه ران بده نه وه بو ئه م پرسیارانه و ده یه ها پرسیاری له م بابه ته. ئاخو ئه مرو کاک موحسین دوای چه ندان سال ئاواره یی و ده ربه ده ری و ژیانی زه لیلی په نابه ری له ئه ورووپا، ئاماده یه به خویی و نامه ی دکتوراکه یه وه بگه ریته وه کوردستانه ئازیزه که و له ژیر سایه ی ئالا ره نگاو ره نگه کانی حیزبه قه ومیه کان که دیاره ئه و به کوارگی حه قیقیان ده زانی، له سی زانکو بی نازه که ی ئه وی خزمه ت به قوتابیان و ره وتی زانست و کلتوری نه ته وه که ی بکات؟!

خوینه ری هوشیار کاتیک ئه م تابلو کاریکاتیریه ی کاک موحسین ئه حمه د عومه ر ده خوینیته وه له جیاتی بزه و زه رده خه نه رقیکی پیروز له روویدا ره نگ ده داته وه، له ئاست ئه م بی ویژدانیه ی که ده لیت: "کومونیزم وه ک بیریکی هه میشه نامو که وتوته وه... ئه مه به جیا له کیشه ی نه ته وایه تیش، که به هه ق و ناهه ق دژایه تی کردووه..."

ئه مه ئه وه ده گه یه نیت یان ئه وه ته نووسه ر سه ره رای بروانامه ی دکتوراکه یشی و به چه ندین سال ژیان له ولاتیکی خاوه ن سه دان قوتابخانه ی فکری وه ک فه ره نسا... هه تا ئیستا له مارکسیزم و کومونیزم نه گه یشتووه؛ یانیش به ئاشکرا ده یه ویت راستیه کان له خه لکی به ش مه ینه تی کوردستان و خوینه ری ساده و ساویلکه بشیوینی! بو ئه وه ی خوینه ری ئازیز زیاتر قه ناعه تی به بوچوونه که مان بیت با به یه که وه بیرورای دوو رابه ر و دامه زرینه ره که ی بیری کومونیزم ده رهه ق به مه سه له ی نه ته وایه تی بخوینینه وه، بزانین چیان نووسیوه:

"کومونیسته کان به وه ش تاوانبار ده کرین، که ده یانه ویت نیشتمان و نه ته وایه تی نه هیلن. کریکاران نیشتمانیان نیه، ناشکریت شتیکیان لی داگیر بکریت که نیانه، به لام له به ر ئه وه ی پیویسته له سه ر پرولیتاریا، که له پیش هه موو شتیکدا ده سه لاتی سیاسی بگرنه ده ست و خوی بگه یه نیته پله ی چینی رابه ری نه ته وه و خوی ببیته نه ته وه، هیشتا نیشتمان په روه ره، ئه گه ر به و جوره نا که بورژوا له مانای ئه و وشه یه تیده گات. به گویره ی په ره گرتنی بورژوا و ئازادی بازرگانی و، بازاری جیهان و، یه ک شیوه لیهاتنی به رهه می پیشه سازی و مه رجه کانی ئه و گوزه رانه ی لیوه ی دیته گوری، روژ به روژ سنووری نیشتمان و ناکوکیه کانی نیوان گه لان له ناو ده چن... تا ئه و جیگایه ی ده لین: له ناو بردنی چه وسانه وه ی مروف له لایه ن مروفه وه ده شبیته هوی له ناوبردنی چه وساندنه وه ی نه ته وه یه ک له لایه ن نه ته وه یه کی تره وه، کاتیک له ناو هه موو نه ته وه یه کدا ناکوکی ناو چینه کان له ناو ده بریت، به و کاره هه ر له وکاته شدا دوژمنایه تی و رق و کینه ی نیوان نه ته وه کان له ناو ده چیت." (۵)

حکومه ته یه ک له دوای یه که کانی نه ته وه ی سه رده ست له هه ر چوار ولاتی کوردستان به سه ر دابه شکراودا، به دریژایی ده سه لاته که یان به رده وام له هه ولی ئه وه دا بوون ناکوکیه نه ته وایه تیه کان قوول بکه نه وه، بو ئه وه ی وه ک ریگریه ک له به رده م چینیکی هوشیار و ئاماده ی وه ک چینی کریکار به کاری بهینن، بو ئه وه ی نه بادا روژیک له روژان مه ترسی بو سه ر ده سه لاته دیکتاتوریه که ی ئه وان هه بیت، ده سه لاتیک که خوی له سه رکوتکردن و به تالانبردنی سه رخان و ژیرخانی ئابووری ولاته که دا ده بینیت. سیاسه تی شوفینیستانه ی ته عریب و ته فریس و ته تریک، قوول کردنه وه ی ناکوکی نه ته وایه تیانه بووه، به رده وام رژیمه شوفینیسته کان پیناسه ی نه ته وه ی ژیرده ستیان به که مینه یه کی دواکه وتوو و چیانشین و ناشارستانی، دژ به نه ته وه ی سه رده ستیان کردووه. دیاره له وه ها کاتیکدا ناکوکیه چینایه تیه کان ده که ونه په راویزه وه. هه ست و شعوری نه ته وه خوازی به شکلیکی ناکامل و نائینسانیانه به نیسبه ت نه ته وه ی ژیرده سته و

چه وساوه سه رهه لده دات. که ده لیین ناکامل و نائینسانیانه به و مانایه یه: کاتیک نه ته وه ی ژیرده ست و زورلیکراو ئه و سیاسه ته نائینسانیانه ی رژیمه ده سه لاتداره که ده بینیت، راسته وخو هه ستی دژایه تیکردن و توله سه ندنه وه ی لا دروست ده بیت. بەلام دژایەتیکردن و تولەسەندنەوەلەکی؟ ئەو دیت و هەموو نەتەوەی سەردەست لە چوارچیوەی دەسەلاتداریتی رژیمەکەدا دەبینیتەوە. ئەو پیی وایە سەرجەم نەتەوەی عەرەب و تورک و فارسە، کورد ده چه وسینیته وه و کورد ئه نفال و کیمیایی باران ده کات، بویه نه خشه و کاری نه ته وه ی ژیرده ست ره نگ له نه خشه و کاری نامروڤانه ی رژیمدا ده داته وه. که م و زور رووداوی پر له شه رمه زاری حیزبه قه ومیه کانی کوردستان، کاتیک سکی ژن و منالی عه ره بیان هه لده دری گوایه ئه مه توله ی ئه نفال و کیمیابارانکردنی خه لکی کوردستانه له به رده ست دان، ئه م رقه ناشرین و نامروڤانه یه نه بیت ته نها لای حیزبه کان بووبیت و به س، به لکو وا ته شه نه ی کردووه، ناوه نده به ناو فکری و کولتوریەکانیشی گرتوتەوە. سەیرەکە لەوەدایە، کەسایەتی وا دوچاری ئه م نه خوشیه بووه که لاپه ره کانی رابردووی ده خوینیته وه وه کوو کوسموپولیتیه کی دونکیشوت ئاسایانه هه لویستی نواندووه و ره فتاری کردووه!

کاک موحسین ئەحمەد پیدەچیت بە برایەتی کورد و عەرەب، کورد و تورک، کورد و فارس و... هتد، قه لس بیت ده نا بو ئه مرو له دیوه خانی گه رمی کوردایه تیدا به رووی کومونیسته کانی سه ره تای چل و په نجاکانیدا ده داته وه، ئه وه تا ده لی:

"بەم جورە هەر لە سەرەتای چل و پەنجاکانەوە، کاتی کورد بو خوی هیچ نەبوو، خەلکی سادە باوەری بەو زره روشنبیرانه ده کرد ئیتر هه ر ئه وان سه رچوپی برایه تی کورد و عه ره ب و کورد و فارس و کورد و تورکیان گرتبوو و بانگی ئازادی پرولیتاریای کوردیان ده دا، له کاتیکدا کورد له سه ر به ره داده نیشت."

له راستیدا کاتیک ئەم هەستە شوفینیستە بەرچاوتەنگیەی کاک موحسین ئەحمەدم خویندە وه له خومه وه که وتمه پیکه‌نین! پیکەنین بەو برادەرە ناسیونالیستە مودیرنانەی کە کاتی خوی گالتەیان بەو وتەیەی کومونیستەکانی کوردستان ده کرد که ده یانگوت: "ناسیونالیزم شه رمه زاری یه". ئاخر چون پینه که نین و ناسیونالیزمه که ی کاک موحسین به شه رمه زاری نه زانین؟! له ماوه ی حه وت سالی سه ربه خویی به شیکی کوردستان، برا و خوشکه کانی یه ک دایک و باوک، خوشک و برا حه قیقیه کان، پینج سال ده ستیان چووه خوینی یه ک، هه زاران خوشک وبرا به فه رمانی باوک و دایکی حه قیقی (حیزبه قه ومیه کان) یه کتریان کوشت! کاک موحسینی به ریز، ئه وه نده ی سه رکرده ی حیزبه قه ومیه کانی کوردستان فرمیسکی تیمساحیانه بو برایه تی کورد و عه ره ب و... هتد هه لده ریژین، تەنانە ت رژیمه دیماگوگیه کانیش ئه وه نده یان فرمیسکی تیمساحیانه نه رشتوه. دیاره ئه م بانگه ی حیزبه قه ومیه کانیش وه نه بیت له هه ستیکی برایانه وه بیت، بەلکو لە بیدەستەلاتی و دەست پیرانەگەیشتوویيانە بەو خەونەی هەمیشە بە ئاواتە وه ن کە بیتە دی بویان. سه رکرده ی حیزبیکی قه ومی ئاماده بیت له پیناو ده سه لاتی حیزبی، براکان تیک به ربدات و نیشتمانی براکان هه راج بکات... باوه رت بیت گه ر ده سه لاتی ده بوو یه ک نه ته وه ی تری به سه ر قاچه وه نه ده هیشت و ده که وته دروینه کردنی هه موو زربرا و خوشکه کانی تری!

لە ئەدەبیاتی کومونیستەکان، ئەفسانەی بەحەقیقی کراوی برایەتی، خزمایه تی چی وچیه تی، نیه. له ئه ده بیاتی کومونیزم پیوانەکان بو پەیوەندیەکان مروڤایەتین؛ لە سەر بنچینەی ئینسانیانە پەیوەندیەکان بنیات دەنرین؛ مه قووله ی برایه تی و خزمایه تی و قه بیلایه تی، مه قووله ی ئه ده بیاتی مه زهه بی و خورافیه؛ جوریکه له جیاوازی نانه وه و ده سته ده سته کردنی ریزه کانی مروڤایه تی! نووسه ر له دوا دوای نووسینه کاریکاتوریه که ی گه ره کیه تی زیاتر ختوکه ی هه ستی خوینه ر بدات و قدیلانیی بکاته وه و بیخاته جیهانی خه نده داریه وه... ئه ویش به گیرانه وه ی یادگاریه کی کونی خوی له گه ل باوکی، له مه ر وینه ی مارکس، ئه وه ته ده نوسیت:

"بەبیرم دی روژیک وینەی مارکسم، کەلە روژنامەیەکدا بلاوکرابووه، پیشانی باوکمدا. که بینی خه ریک بوو زراوی بچی. وتی ئەفەندی رەسمی شەیتانی بو هیناوینەوە مالی!! سەیرەکەی لە وەدایە ئیستاش سەدان کەس لەو

کوردستانه په ریوته وینه ی ئه و شه یتانه یان له باخه لدایه!! که له پاریس چاوم کرایه‌وه، بینیم ئه و شه یتانه لای ئه وان باوی نه ماوه..."

له راستیدا کاک موحسین ئه حمه د کاتیک ئه م چیروکه ی نیوان خوی و باوکیمان بو ده گیریته وه، ده یسه لمینیت که نه‌ک هه‌ر بروانامه‌ی دکتورا و ئه‌نستیتوی کورد له پاریس و چه‌ندان سال ژیانی فه ره نسا و قوتابخانه ی فکری و فه لسه فیه کانی ئه وروپا، ته نانه ت دوا قوتابخانه ی فکری که میتاستروکتورالیزمه، نه یان گوریوه... به لکو نه شیان توانیوه له میتود و قوتابخانه‌که‌ی باوکی، له په‌رتوکه پیروزه‌که و حوجره‌ی مزگه‌وته کانی به حرکه و پیرزین و شاویس و هه‌ولیر... دوایش قوتابخانه‌ی بیری حیزبه قه‌ومیه‌کانه، دای ببرن!! کاک موحسین ی به ریز؛ ئه گه ر له پاریش چاوت کرابیته وه دلنیام و هیچیش گومانم له وه دا نیه که وا به ریزت وه ک که سایه تیه کی نوستالژیای کومه لگای کورده واری روبه رووی ئه م پیشکه وتنه ی ئه وی بوویته وه. هه روه ها له وه ش دلنیام ستروکتوریه تی، میتولوژیای شترواس و فه لسه فه ی فوکو و ئه ده بی "بارت"ت هه ربه چاوی نه حو و سه رف و جزوعامه و ته باره که ت خویندوته وه!! به لی، زورن له و کورده عه یار بیست و چوارانه ی هه میشه له ته وه هومات پییان وابوو ئه و نه وه یه ی دوای حه فتاو هه شتاکان چونه ته ئه وروپا چاوه‌روانی رینسانسیکی فکریان لیده‌کریت؛ به‌لام ده‌رکه‌وت که ئه‌م زاتانه ته‌نها ستاتویان هاتبووه ئه وروپا، ده نا هه‌موو پیکهاته‌ی عه‌قلی و عاتفی و روحیان هه‌ر له کویره دییه‌کانی کوردستان بوو!! مانگرتنی چینی کریکاری فه ره نسا له ماوه ی خه باتی دریژخایانه یان بو وه ده ست هینانی داخوازیه کانیان و که م کردنه‌وه ی راده ی ریژه ی بیکاری، دوایش خه بات بو به ره سمی ناسینی ۳۵ سه عات کار له هه فته دا، ئه وه مان پیده لیت که هیشتا کاک موحسین دوای ئه‌م هه‌موو ساله‌ش له فه‌ره‌نسا چاوی نه‌کراوه‌ته‌وه. ئه‌گه‌ر مارکس له‌وی باوی نه مایه، دوای سه د و چه ند سال رابردوو به سه ر نه مانی ئه م مروڤه مه زنه دا، کریکاران تیوریه کانی ئه و مروڤه مه زنه یان نه ده کرده به رنامه ی خه بات و تیکوشانیان. گومانیش له وه دانیه ئه م پیشکه وتن و به ره و پیشچوونه ی ئه مروی دنیای سه رمایه داری هه مووی به هوی خه باتی نه پساوه و قوربانی کریکاران بووه. ئه م دیموکراتیه ته دیماگوگیه ی ئه مرو له ولاتانی سه رمایه داری ملیونه ها ئینسانی ولاتانی جیهانی سییه‌می هه‌لخه‌له‌تاندوه و به‌ره‌و خوی کیشکردوه، ئه‌وه له ترسی زه بری کارگه ری چینی کریکاری ئه م ولاتانه یه که ئه مرو ئیمپریالیزم بو مه به ست و مه رامی خوی که لکی لی وه رده گریت.

له کوتاییدا کاک موحسین ده نوسیت:

"به لام بو ئه وان غه ریب نیه، مارکس کور و باوکی خویانه، به لام چونکه ئه وان قه ت له سه ر به ره دانه نیشتوون، که س له وینه که ی ناترسی و ناشی خه نه باخه لیانه وه..."

کاک موحسینی به‌ریز، مارکس کور و باوک نیه، مارکس رابه‌رو ری پیشانده‌ری مروڤه. مارکس ئه و مروڤه، ئه و ماموستا مه زنه بوو که میژووی گوری؛ ته کانیکی وای به میژوودا که هه تا هه تایه مروڤایه تی شانازی پیوه بکات. مارکس مانای ئینسانیه تی به ژیان و بوون دا. مارکس به بیروباوه ره که ی مروڤی له کوت و به ندی خورافیانه ی چاخه کونه کان رزگار کرد. ئه م ستایشانه مان بو مروڤیکی وه ک مارکس به مانای هه لچوونی سوز و عاتیفه و پیروزی کردن نیه؛ له تیروانینیکی میسالیانه وه له مارکس نادویین و خویندنه وه مان بو که سایه تی مارکس و بیرو باوه ره که ی وه ک خویندنه وه یه کی دوگمایانه نیه، به لکو مارکس وه ک مروڤ و بیروباوه ره که ی وه ک بیروباوه ریکی مروڤایه تی ده نرخینین. بیروباوه ری مارکس هه لقولاوی واقیعه، له کیشه و ململانه کانی ژیانه وه سه رچاوه ی گرتووه، بویه هیچ که سیک نامو نیه و که سیش له مارکس و بیروباوه ره کی ناترسی، مه گه ر ته نها ئه و چین و تویژه مشه خورانه نه‌بیت که مارکس به هوی دواکه‌وتویی و مانه‌وه‌ی هه‌میشه‌یی سیستمیکی ناعه‌داله‌تی ده‌زانی، هه‌ربویه‌ش مارکس به بیروباوه ره که ی مروڤ وشیار ده کاته وه له ئاست ناعه داله تیه کان و نه هامه تیه کان. به لی ئه وان له مارکس و ریبازه که ی ده ترسن، هه ربویه مارکس و مارکسیه‌ت به‌شه‌یتان و تیکده‌ر ده‌زانن به‌لام ژیان و سیستمه یه‌ک له دوای یه که کانی کومه لگه، روژ به روژ ده یسه لمینن که ته نها له ریگای به ئینسانی کردنی کومه لگه وه نه هامه تیه کان له ناو ده چن. هه تا غه رائیزه

هاوبەشەکانی نیوان مروف و ئاژەل لە پروسەی نەخشە و کاری مروفدا لە بەین نەچن، ئەو غەرائیزانەی رولی درندایە تی و دە ست بە سە راگرتن و یە کتر ئیستغلایستغلال کردن لە مروفدا دە یگیرن لە بە ین نە چن، مروف ناسنامە ی ئینسانی بوونی خوی ناکە ویتە وە  دە ست.

کام بیروباوە ر ئە م مە سئولیە تە ی گرتوتە ئە ستوی خوی و کردوویە تی بە بە رنامە ی کار  و  تیکوشان بو مروف؟ بیگومان ئەوە هەر مارکس و بیروباوەرەکەیەتی (کومونیزم) کە ئەم ئەرکەی گرتوتە ئە ستوی خوی. کاک موحسینی بە ریز کولتوری کومونیزم یانی کلتوری مروفایە تی. تو کە لە دوا چارە کی سە دە ی بیستە م، کە بە سە دە ی  ئینتە رنیت و کومپیوتەر و... ناسراوە، لە نیو جەرگەی ئەوروپاوە بە خوت و بروانامەیەکی زل و زە بە لاحە وە بانگە وازی ئە وە بو نەتەوەیەکی قوربەسەری وەک کورد دەکەی، ئەو کوردەی کە ئیمپریالیزم و دە سە لاتدلری شوفینیزم و بیروباوە ری کوردایە تی کردن ئە وە تە ی هە یە دە یچە وسینیتە وە، بانگە وازیان بو دە کە یت و پییان دەلیی واز لە بیروباوە ری کومونیزم بهینن، فە رموون کوردایە تی بکە ن، کوردایە تی؛ ئە و کوردایە تیە ی لە دە ریای خوینی ز ە حمە تکیشانی کوردستان مە لە دە کات!

بە رداشی ئە م کوردایە تیە ی کاک موحسین ئە حمە د عومە ر و مانگە نامە ی "هە تاو" لە ئە وروپاوە گە رە کیانە بیسورینن، ئە وە چە ندین سالە بە خوین و گوشت و ئیسقانی رولە نووشتە لیکراوە کانی نیو حیزبە قە ومیە کانی کوردستان دە سووریت. هە ناسە ی سارد و حە سرە تکیشانە ی ئە و دایک و باوکە رولە کوژراوانە ی، پرسە ی هەمیشە یی ئە و ئافرە تە میرد بی سەروشوینکراوانەی ریبازی پیروزی کوردایەتی... چەندین سالە پلەی گەرمایی هە لچوونی دە روونی ساف و بیگە ردی کوردایە تی دینیتە     خوارە وە. بویە پیویست ناکات کاک موحسین و مانگانە ی "هە تاو" لە دوورایی هە زاران کیلومە ترە وە تازە بە تازە باوە شینی بکە نە وە.

ئایاری ٩٩٨

١ــ ئەم نووسینە نزیکەی سال ونیویکە بو مانگانەی"هەتاو"م رەوانەکردووە، کە بە ریز کە مال میراودە لی لە  لە ندن دە ری دە کات. لە بلاوبوونە وە ی نووسینە کە بیئومید بووم بویە دوای نزیکە ی سال و نیویک بە سە ر نووسینی ئە م وتارە دوبارە بە دە ستکاریە کی کە مە وە نووسیمە وە و ئە مجارە بو مانگانە ی"پە یام"م نارد، ئە وە بوو لە ژمارە ١٤ی نە ورووزی ١٩٩٩ ئاگاداریان کردم کە وا ناتوانن بابە تە کە م بلاوبکە نە وە. هە ر ئە م بابە تەم  جاریکی تر بو "ریگای کوردستان"ی ئورگانی حیزبی شیوعی کوردستان لە هە ولیر رە وانە  کرد. بە لام دیارە لە ویش بە ختی بلاوکردنە وەی نە بوو.

٢ــ (ح٠ش٠ع) مە بە ست حیزبی شیوعی عیراقە.

٣ــ ئە و کە سایە تیانە ی کە سالانیکی زور لە نیو ریزە کانی (ح٠ش٠ع) لە ئاستی سە رکردایەتی کاربە دە ست بوون. لە دوا دوای سالەکانی تەمەنیان، بە هەر هویەک بیت لە حیزب دوورکەوتنەوە، هەستاون بیرەوەریەکانی خویان نووسیوەتەوە و هەندیکیان لەوانە بلاوکراونەتەوە. لەوانەی تا ئیستا بەردە ست من کە وتوون و خویندومنە تە وە تا رادە یە ک بگرە لە هە مویان زیاتر بابە تیانە تر بیروباوە رە کانی "زە کی فە خری" یە.

٤ــ ماموستایان مەسعود محەمەد و جەمال نەبەز وەک دوو نوسەری سەر بە بیری نە تە وایە تی بە رچاوتە نگ لە وە تە ی دە ستیان قە لە می گرتووە بە ردە وام دژایە تی بیروباوە ری کومونیزم دە کە ن؛ تە مە نیان دریژ  بیت!

٥ــ "مانیفیست ی کومونیست،" نووسینی مارکس و ئە نگلس، وە رگیرانی بو سە ر زمانی کوردی جە لال دە باغ، ئە لمانیا ١٩٩٦ چاپی یە کە م، لاپە رە ٥٥.

# چەند تیبینی کورت: سەبارەت بە کام دو "کولتور"

سلیمان قاسمیانی

### * سەبارەت بە روشنبیری:

هە موو چینیک لە کومە لدا روشنبیر و کە سایە تی خوی هە یە کە بە پیی بە رژە وە ندی چینە کە ی د ە جوولیتە وە.
"روشنبیران" نە چینیکی تایبە تی کومە لایە تین و نە هیزیکی جیاواز و سە ربە خو. روشنبیری سە ربەخو تە نیا ئیددیعایە کی وردە بورژواکانە کە دە یانە وی خویان لە سە رووی کومە لگا دابنین و زانست و وشیاری بە شتیکی جیاواز و بی پە یوە ند لە گە ل بوونی کومە لایە تی و چینایە تی ئینسانە کان بناسینن. بورژوازی روشنبیری خوی هە یە و چینی کریکاریش هە روا. وردە بوژوازی بە گشت بە شە جوراجورە کانیە وە روشنبیری تایبە ت بە خوی هە یە و زە حمە تکیش و هە ژاری کومە لیش هە ر بە م جورە.

### * سەبارەت بە "خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی هاوکات":

بورژوازی و وردە بوژوازی کورد زور لە میژە بو ئە وە ی بتوانن سواری جوولانە وە ی جە ماوە ری خە لک بە گشتی و جوولانە وە ی کریکاری بە تایبە تی بن، کە لکیان لە م تیکە لاوکردنی ئە م دوو چە مکە بە یە کە وە کردووە. ئە م تیکە لاوکردنە لە راستیدا کلاو لە سە ر نان و فریودانی جە ماوە ری کریکار و زە حمە تکیشە. خە باتی چینایە تی خە باتیکە کە بە هیچ سریشکی دنیا بە خە باتی نە تە وایە تی یە وە نانووسی و لە گە لی تیکە لاو نابیت! خە باتی نە تە وایە تی خە باتیکی بورژوایی یە و بە ئە دازە ی پووشیکیش پە یوە ندی بە بە رژە وە ندی یە کانی چینی کریکار لە هیچ شوینیکی دنیاوە نیە. زولمی نە تە وایە تی زیاترین زە رە رە کە ی بو چینی کریکارە، هە ر بویە ش کریکارانی وشیارشیلگیرترین و راستە قینە ترین لایە نگرانی ئازادی و بە رابە ری ئینسان و خە لکانی دابە شکراو بە سە ر نە تە و ە ی جوراجورن.
بو لە بە ین بردنی زولمی نە تە وایە تی، کریکاران هە رگیز خە باتی نە تە وایە تی ناکە ن! بە لکو هە رچی زیاتر پی دادە گرن لە سە ر خە باتی جیاواز و چینایە تی خویان! ئە وان لە ریگە ی خە باتی شیلگیری چینایە تی خویانە وە، کوتایی بە هە رچی زولم و زور و بیدادی دنیا دینن. تە نیا ئە و چینە ی داواکاری بە رابە ری ئینسانە کان لە هە موو مە یدانە کانی ئابووری و کومە لایە تی و حقوقی دایە، دە توانی ئازادی راستە قینە ی نە تە وە کانیش بە ئە نجام بگە یە نی.
"خە باتی چینایە تی و نە تە وایە تی بە یە کە وە" قسە ی ناسیونالیستە کانی کوردە بو کوردایە تی کردن بە کریکاران! بو کومونیستە کان هە ر کیشە یە کی کومە لایە تی دە بی ولامی خوی وە ربگری. ئە مرو کیشە ی کورد واقعیە تی خوی هە یە و دە بی وە لامی خوی وە ربگری. بە لام کیشە ی کورد بو ناسیونالیستە کانی کورد بووە تە مە سە لە ی سە ودا و مامە لە؛ لە کاتیکدا کە شیعاری بزوتنە وە ی کومونیستی لە کوردستان جیابوونە وە و پیکهینانی دە ولە تی سە ربە خویە کە ناسیونالیستە کانی کوردستان سویندە پیروزە کە یان یە کپارچە یی خاکی عیراقە!

### * سەبارەت بە حیزبی شیوعی:

تا ئە و جیگایە ی دە گە ریتە وە سە ر ستراتیژیە تی حیزبی شیوعی، ئە م حیزبە ئە وە ندە ی تاکو ئیستا هاوخە م و دە ست لە ملانی ناسیونالیستە کانی کوردستان بووە و سویند بە کوردایە تی دە خوا، نیو ئە وە ندە هاوکار و خە مخوری چینی کریکار و زە حمە تکیشی کوردستان نە بووە.

***

# حەقتان چی یە؟؟

ریبوار

حه قتان چی یه باسی هه له بجه ی من ده که ن؟
له ئیوه بوو منال به کول؟؟
له ئیوه بوو ده ستی ماندوو؟؟
ئه و که سه ی ده ستی که فاوی
له قاپی کاسه وکه وچک شوریندا بوو
له ئیوه بوو؟؟
له ئیوه بوو منالی مه مکی دایک مژ؟؟

###

خو ئیوه ده میک بوو
وه ته ن
نیشتمانتان
سه روه ت و دین و ئیمانتان
نابووه ناو کیفه کانتان
یان سندووقی پشت سه یاره و
تی تان قووچاندبوو شارتان جی هیشتبوو!

حه قتان چی یه
ته رمه کانمان
ئه نینه سه ریه ک و ئه یبه ن
له بازاری بومبا_فروشه کانا وا
ئه یده نه به ر داری حه راج؟؟

حه قتان چی یه
ته رمی من ئه که نه په یژه
به ره و لووتکه ی ده سه لاتتان؟؟

حه قتان چی یه
له پشت جه نازه کانمه وه
حه شار ئه گرن تا گردانیکی تر له سته م
له ته نووری چه وسانه وه
له جه هه ننه م
تاو بده نه وه بو گیانم؟!

ناماقوولتان کرد! ناهیلم
به سیه ئیتر!!

حوزه یرانی ۸۸

هەواڵنامەی کتێب

# ئەو ببوورانەی کە دەکرا لە کاتیکی تردا بوترانایە.

به کر ئه حمه د (ئاسو)

تو له دووشه که دییته ده ر
به رووتی له به ر ئاوینه ی ماله که دا راده وه ستی.
من بو لای خوم کیشت ده که م.
تو به پرچ و به جه سته ی ته ر و لووسه وه
به سه رما هاواریک ده که یت: هیچ کات و ساتت لانییه.
ئه و کاته زمانم گیرا:
ئاخر شه پولی ناو شووشه ی ئاوینه که،
روخساری توی لیم ده گوری.
وینه ی ناو شووشه ی ئاوینه ی شیت بوو له کوی و
وینه ی ئه وه ی که هه ر خوتی؟
ببووره ئه وسا نه مزانی وات پیبلیم.

له سه ر چرپاکه راده کشییت.
کتیبیکت به ده سته وه و
له ناو جوگه له ی وشه دا، به کراسی کورتی به رته وه
به پیی په تی دییت و ده چی.
پاش ماوه یه ک، سه رنج ده ده م.
کتیبه که ی سه ر روخسارت، ده م و چاوت داگیرده کا.
من دیمه لات.
به هیواشی، کتیبه که له سه ر چاوانت لاده به م.
ـ "بو پرس ناکه ی؛ من له ناو خه ونی وشه دام
بو دییت و بیدارم ده که ی؟"
ئه و کاته زمانم گیرا:
من ده ترسام،
نه با جوگه له ی رسته یه ک، به چاوه کانتا برژیت و
له خه وی قوول بیدارت کا
ببووره ئه وسا نه مزانی وات پیبلیم.

هه ر توی گوله کان ئاو ده ده ی.
پاش چه ند روژیکی دوای سه فه ر که دییته وه
دوو گولی زه ردی ناو باخچه ی ئینجانه کان
چاوانت بو خویان ده به ن.
تو پیم ده لیی:

هەواڵنامەی کتێب

"ــ دواین وشه ی که پیم وتی، به ر له وه ی ئیره جیبیلم، گوله کان بوون."
ئه و کاته زمانم گیرا:
من له مالیکدا گه وره بووم، ئه گه ر په یژه یشت بو هه تاو دابنایه
نه یده توانی بیته حه وشه.
ئیتر چونی گول بتوانی، به بی هه تاو هه ناسه با؟
ببووره ئه وسا نه مزانی وات پیبلیم.

تو دیبته مال.
به ته نهایت و له پشتیشته وه بیکاری
به پی دزکی ده خزیته ژوور.
ده ستم له سه ر ده سکی ده رگا و
کلیلیکیش به ده سته وه.
به ر له وه ی که من بیمه ژوور،
بیکاریم پیش خوم ده که وی و ئه و دیته ژوور.
له ناو ژماره ی کریی مال، ته له فون و ئاو و نان‌دا
ده نگه ده نگیک، له نیوانماندا دی و ده چی.
ئه و کاته زمانم گیرا:
نه من سیبه ره که ی دوای تو و
نه توش سیبه ره که ی منت ده خوینده وه.
ببووره ئه وسا نه مزانی وات پیبلیم.

هەواڵنامەی کتێب

کراسیکی، ره شی وه ک پرچه کانی خوت له به ردایه.
کراسیکی ره شتر له قژی من ده کری.
به به ر ده مما وه ک په پووله سه ما ده که ی.
بو ده نگ ناکه ی؛ به تیله ی چاو بانگم ده که ی.
ئاخر ره نگی دیکه زورن!
له ناو سه ماکه ت دیبته ده ر، له شوینی خوت راده وه ستی:
"ــ بو هه ر زه وقی خوت فه رزده که ی؟"
ئه وکاته زمانم گیرا:
بالای عه قل و بالای زه وقم، ئاخر هینده هه لکشاو بوو.
ببووره ئه وسا نه مزانی وات پیبلیم.
۱۴ـ۲ـ۲۰۰۰

# هەندی شیعری محەمەد ماغووت

حەمەسەعیدحەسەن

بە کەمیك دەستکاری‌یەوە کردوونی بە کوردی

١

ئه ی زیندانییانی جیهان
چی هاوار و ترس و بیزاریتان هه یه
هه موویانم بو بنیرن،
ئه ی راوچییان
چی سه ره خولیی ز ه ریایی و
چی توری خالیتان هه یه
هه موویانم بو بنیرن،
ئه ی جووتیاران
چی جلی دراوتان هه یه،
ئه ی ئافره تان
هه رچی مه مکی له توپه تکراوتان هه یه،
ئه ی کارگه ران
چی نینوکی ده رهینراو و
سکی کونکراوتان هه یه
هه موویانم بو بنیرن،
بو هه ر قاوه خانه یه کی
هه ر شه قامی
هه ر شاریکیان بنیرن به ده ستم ده گه ن،
نیازی ئاماده کردنی فایلیکی گه وره م هه یه
له ئازار و خه می مروف،
بو ئه وه ی دوای ئیمزای لیوی برسییان و
برژانگی هه لپرووزاوی چاوه روانان
بلندی بکه مه وه بو خوای دلوڤان،
به لام هو سوپای خه مباران
زور ده ترسم
خوای گه وره نه خوینده ار بی.

٢

هەواڵنامەی کتێب

ئه ی زانایان
بلیتیکی سه فه رم ده وی بو ئاسمان،
من نوینه ری ولاته خه مگینه که مم،
من ده مراستی
بیوه ژن و پیره میرد و مندالانیم،
چونکه دراوم فرمیسکه
بلیتیکی خورایيم ده وی بو ئاسمان،
گه ر جی نییه
من لادییی راهاتووم،
له دوای دواوه
یان له سه ر پشتی سوارده بم،
به لین ده ده م
نه دلی هه ور دیشینم،
نه ئه ستیره ئازار ده ده م،
من ته نیا
ده مه وی بگه مه قوولایی ئاسمان و
قامچییه بده مه ده ست خودا
به لکو بو راپه رین هانماندا.

٣
هه موو کیلگه کانی دنیا
دژی دوو لیوی شه قارن
هه موو ریگاکانی میژوو
دوژمنی دوو پیی خاوسن.
خوشه ویستم ئه وان سه رقالی سه فه رن
ئیمه دیلی چاوه روانی،
ئه وان خاوه نی سیداره ن
ئیمه گه ردن،
ئه وان خاوه نی مروارین
ئیمه برین،
ئه وان خاوه نی کازیوه و روژ و شه ون
ئیمه پیستی زبر و ئیسقان،
ئه وی ئیمه له به ر خوره تاو ده یچینین
ئه وان له به ر سیبه ر ده یخون،
به روکیان ده لیی ئاوریشمه
سنگمان ره ق و ته قه وه کوو

هەواڵنامەی کتێب

مه یدانی له سیداره دان،
مالیان نوقمی شیرینییه
گه لای رزیو مالی ئیمه ی داپوشیوه
به رکیان هه واری ئه دره سی ناپاکه و دز
گیرفانمان جیی ناونیشانی
هه وره بروسکه و رووباره،
ئه وان خاوه نی په نجه ره ن
ئیمه شه مال،
ئه وان خاوه نی پاپورن
ئیمه شه پول،
ئه وان خاوه نی نیشانن*
ئیمه لیته،
ئه وان خاو ه نی ته لار و شوورای به رزن
ئیمه په تی زبر و خه نجه ر،
ده گیانه که م
و ه ره با هه ر ئیستا له سه ر پیاده رییه
تیر لیی بنووین.

۴
له تاریکیدا ده نووسم
گه لی که ره ت
قه له مه که م
جیاناکه مه وه له په نجه م،
هه ر که له ده رگایه ده دری،
که ده نگی ئوتومبیلی دی،
به ده ستم نووسینه کانم ده شارمه وه
وه ک سوزانییه کی قاچاخ
کاتی هه لده کوتنه سه ری.

۵
جی خه وه که م سارده و تاریک
مه مکه کانت دوو چوله که ن له پشکو.
ده م و چاوم
له نیوانی دوو مه مکه دلنه رمه که تا
ده شارمه وه و
وه ک کوچه ری هاواری خیله که م ده که م.

هەواڵنامەی کتێب

له ئیواره سارده کاندا
که ئه م بو بار،
ئه و بو دالده یه ده گه ری
من بو وشه یه ده گه ریم.

* میدالیا

***

## په یام و پرسیار

عه لی کتابی

بو نه وه کانم کاوه و که یوان، باب و باپیر و که س و کاریان .

ئه و دایکه ی ناچاره گش کات
پشتینه که ی توند ببه ستی
له برسانا سک هه لگوشی،
سی ژه می روژ کاته یه کی،
به ناچاری بو کرینی لیتریک شیر و
که میک پوشاک
بو منداله بی با به که ی
له ش بفروشی؟

ئه و پارچه په رویه ی له شی
کریار و خوی
پی وشک ده کاته وه؟
بیگومان، له میزه ری
شیخ و مه لا و مامه حا جی و
دوروشم و ده ره جه و بوینباخی
حاکمان و بازاریه کان،
زور خاوین و پیروزتره ؟!»

هەواڵنامەی کتێب

# سی شیعری شیرکو بیکەس

## هیلانه

کومونیست نیم
به لام زور جار چاوم لی یه
یه که یه که
هه ندی وشه ی دایکه و باوکه م
وه ک چوله که
که هیلانه ی شه وگاریکیان لی ئه شیوی
هه ل ئه فرن و ئه یانه وی
ئه و شه وانه
کاسکیته که ی لینین بکه ن
به هیلانه!

## تاریکی

له ئیراندا
"مونالیزا"ی
تابلوی هونه رمه ندی گریا
وه ختی ئیمام
به زور په چه ی پیگرته وه و
جبه که ی خوی دا
به سه ریا.

## جودایی

ئه گه ر له ناو شیعره کانما
گول ده راویژنه ده ره وه
له چوار وه رز، وه رزیکم ئه مری.
ئه گه ر یار بیننه ده ره وه
دووانم ئه مرن.
ئه گه ر نان بیننه ده ره وه
سیانم ئه مرن.
گه ر ئازادی بیننه ده ری
سالم ئه مری و خویشم ئه مرم.

***

هەواڵنامەی کتێب

# Sê šî‘rî Šêrko Bêkes

## *Hêlane*

Komonîst nîm
belam zor car çawim lêye
yeke yeke
hendê wišey dayke û bawke
wek çoleke
ke hêlaney šewgarêkyan lê ešêwê
hel efrin û eyanewê
ew šewane
kaskêtekey Lênîn biken
                                        be hêlane!

## *Tarîkî*

Le Êran da
”Monalîza”y
tabloy hunermendê girya
wextê Îmam
be zor peçey pêgirtewe û
cibekey xoy da
                    be serya.

هەواڵنامەی کتێب

## *Cudayî*

Eger le naw šî‘rekanma
Gul derawêjne derewe
le çiwar werz, werzêkim emrê.
Eger yar bênne derewe
diwanim emrin.
Eger nan bênne derewe
siyanim emrin.
Ger azadî bênne derê
salim emrê û xoyšim emrim.

# مافی ژیان یان سزای ئیعدام؟

**نووسینی: فاتیح بەهرامی**
**وەرگیران لە فارسییەوە: بەکر ئەحمەد "ئاسو"_**
**وەرگیردراو: لە ئەنتەرناسیونال ژ: ۲۳**

چینه ده سه لاتداره کان، هه میشه و به دریژایی میژوو ئینسانیان ئیعدام کردووه. سزای ئیعدام، لەسه رده مه کونه کاندا و به شیوه ی فراوانی خوی، به درندانه ترین شیوه ئه نجام ده درا. تاوانباران به به رچاوی کومه لانی خه لکه وه ده کوژران. ده ستی ده سه لاتداران بو ئیعدامکردنی خه لک به جوریک ئاواله بوو که له سه ده ی حه وتدا و به پیی یاسا دراکوئییه کان له ئه سینادا، هه ر کاریک به تاوان ناوببرایه، ئینسانی له سه ر ده کوژرا. ئه و شیوازی سزایانه ی که له سه رده مه کونه کاندا بو جیبه جی کردنی ئیعدام به کارده هینران بریتی بوون له: کولاندن، سوتاندن، خستنه ژیر چه رخی عه ره بانه ی ئه سپه وه، له خاچدان، زینده بەچالکردن، برینی ئەندامەکانی لەش، سەنگسارکردن و گەلیکی تریش دەکری ناونووس بکرین. له فه ره نسادا، تا نزیکه ی سه ده ی هه ژده، به زیندوویی ئه و که سانه یان ده سووتاند، که سزای ئیعدامیان به سه ردا درابوو.

له ئیستاشدا چەندین شیوازی "ئینسانی تر" بو ئیعدام کردن بەکاردەبریت: کورسی کارەبایی، ژووری پرلەگاز و ده رزی لیدانی ژه هر، چه ندین نموونه ی مودیرنن.

لەسەرهەلدانی سەرمایەداریشدا، سزای ئیعدام هەر روو لە گەشەبوو. بو نموونە لە سیستەمی یاساکانی جەزائی ولاتیکی وەکو ئینگلتەرەدا و لە سەردەمی شورشی پیشەسازیدا، ئەو یاسایانەی کە بە "یاسا خویناویەکان" ناو دەبرین، بە شیوەیەکی زور بیپەردە و ئاشکرا لە دژی چینەنەدار و بیدەسەلاتەکان بە کار دە هینران. بریاری سزای ئیعدام، زیاتر لە ۲۲۰ جور تاوانی دە گرتە وە. کە دزینی کە میک شیلم و لە تە نانیکیش، بە ئیعدام کوتایی دە هات. دەسەلاتدارانی ئینگلیز، لەو بروایەدا بوون کە ملپیکەچکردنی "چینە ترسناکەکان"، دە کری لە ریگە ی ترس لە دلدا رواندن و توقاندنەیانەوە ئەنجام بدریت. لەم ولاتەدا، وە لەو روژانەدا کە بریار بوو کە سیک لە داربدریت، دە کرا بە روژی پشوو.

بە لام گورانی هە لومە رجی کومە لایە تی و فشاری خە لکی و بزووتنە وە نارە زایە تیەکان، دامە نە ی بە کارهینانی سزای ئیعدام لەلایەن دەولەتەکانەوە بەرتەسکتر دەکاتەوە. بزووتنەوەکانی دژی ئیعدام کە لە م دوو سە دە یە ی رابووردودا دە ست بە کار بوون، لە داخوازیاندا بو نە هیشتنی سزای ئیعدام یاخود سنووردارکردنی ئە م سزایە ، بە جوریک کاریگە ری خویان داناوە. لە ئە مریکادا ئە م بزووتنە وانە لە ۳ فازی جوراوجوردا و لە ناوە راستی سە دەی نوزدە وە دە ست بە کار بوون. لە ماوەی نیوان هەردوو شەری جیهانیشدا و لە گەلیک لە ولاتانیتردا، هەمان بابەت؛ لابردنی سزای ئیعدام، لە رە وت دا بووە.

لە گە ل ئە مانە شدا، هیشتا زیاتر لە نیوە ی ولاتانی دنیا بە زە بری یاسا ئینسان د ە کوژن. دوا راپورتە کانی ریکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونالی جیهانی لە مانگی یەکی سالی ۱۹۹۶دا، ئەوە روون دەکاتەوە کە هەتا ئیستاش ۹۷ دەولەت بە پیی یاسا کەلک لە بەکارهینانی سزای ئیعدام وەردەگرن. ۵۴ دەولەتیش سزای ئیعدامیان بو هەموو چە شنە تاوانیک وە لاناوە. ۱۵ ولاتی تریش ئە م سزایە ی ئیلغاکردوتە وە، جگە لە و تاوانانە ی کە بە تاوانی جە نگی و یان لە ژیر سایەی قانوونە سەربازیەکاندا ئەنجام دراون. لە یاساکانی ۲۷ ولاتیتریشدا هیشتا سزای ئیعدام، لانە براوە ئەگەرچی لە ماوەی ۱۰ سالی رابووردودا کەسیان ئیعدام نەکردووە. لە ناو ئەو دە ولە تانە دا کە ئیعدام دە کە ن؛ لە ولاتیکی وە ک ئە مریکادا، لە هە ر ویلایە تیکدا قانوونی تایبە تی خوی هە یە و تا ئیستاش لە ۳۸ ویلایە تدا ئیعدام

هەواڵنامەی کتێب

بره‌وی هه‌یه‌. له‌ سه‌ره‌تای نه‌وه‌ده‌کانیشه‌وه‌، له‌ ١٠ ویلایه‌تی‌تردا سزای ئیعدام دووباره‌ ده‌ رگای به‌ روودا ده‌ کریته‌ وه‌. دواهه‌ مین شوینیکیش نیویورکه‌ که‌ له‌ سیپته‌ مبه‌ ری ٩٥ وه‌، پیشنیاری دانانی سزای ئیعدام، له‌ باری قانونیه‌ وه‌ بریاری له‌ سه‌ رده‌ دریت. له‌ کوتایی ده‌ یه‌ ی حه‌ فتای سه‌ ده‌ ی بیستیشه‌ وه‌، ئیلغاکردنه‌ وه‌ یان لابردنی هه‌ میشه‌ یی سزای ئیعدام، له‌ ولاته‌ جوراوجوره‌ کاندا شکل ده‌ گریت.

قانون؛ ئیراده‌ و به‌رژه‌وه‌ندی چینی ده‌سه‌لاتداره‌ که‌ هاوکات له‌ژیر ناوی به‌رژه‌وه‌ ندی گشتیدا جاری بو ده‌ دریت. هه‌ ر له‌ سه‌ ر ئه‌ م بنه‌ مایه‌ شه‌ که‌ یاسایی بوونی سزای ئیعدام به‌ وجوره‌ رووندە کریته‌ وه‌ که‌ گوایه‌ له‌ خزمه‌ تی ریگرتن له‌ کردنی تاوان و پاراستنی کومه‌ لگادایه‌ له‌ ده‌ ستدریژی تاوانکاران. به‌ م شیوه‌ یه‌ ش عه‌ داله‌ ت به‌ رقه‌ رار ده‌ کریت.
له‌ پرسیاری ئیعدامدا؛ هه‌ ر دوو تیوری، "پیشپیگرتن" و "سزا"، پایه‌ بنه‌ ره‌ تیه‌ کانی دیفاع کردن له‌ هیشتنه‌ وه‌ ی سزای ئیعدام پیکده‌ هینن.
تیوری "پیشپیگرتن"، لایه‌نی پراکتیکی و کاریگه‌ری دانانی کومه‌لایه‌تی ئیعدام ده‌کاته‌ بنه‌ ما و زیاتر له‌ دوو سه‌ ده‌ میژووی هه‌ یه‌. تیوری "سزا" یش هه‌ ر له‌ کونه‌ وه‌ بره‌ وی هه‌ بووه‌ و پایه‌ فه‌ لسه‌ فیه‌ کانی سزای ئیعدام روشن ده‌ کاته‌ وه‌. له‌ که‌ناری ئه‌مانه‌شه‌وه‌، ده‌سته‌یه‌ک له‌ لایه‌نگرانی ئیعدام، که‌م مه‌سره‌ف بوونی، به‌ واتایه‌ کی تر، ئیقتیصادی بوونی ئیعدام له‌ به‌ رانبه‌ ر زینداندا ده‌ خه‌ نه‌ روو.

## تیوری پیشپیگرتن: پیشپیگرتن له‌ ریگای توقاندنه‌وه‌

پایه‌ ی باسی "پیشپیگرتنی گشیی"، له‌ وه‌ دا چرده‌ بیته‌ وه‌؛ که‌ سزای ئیعدام ده‌ بیته‌ هوی پیشپیگرتنی دووباره‌ بوونه‌وه‌ی تاوان. له‌ باسی "پیشپیگرتنی تایبه‌تی"یش دا، ئیعدام وا لیکده‌دریته‌وه‌ که‌ تاوانبار ناچارده‌کات دووباره‌ کاریکی دیکه‌ ی وا ی لینه‌ وه‌ شیته‌ وه‌، ئه‌ ویش له‌ ریگای کوتایی هینان به‌ ژیانی تاوانباره‌ وه‌.
لایه‌ نگرانی تیوری "پیشپیگرتن"، پییان وایه‌ که‌ ئیعدام بو ریگا لیگرتن له‌ کردنی تاواندا به‌ که‌لکه‌. ئه‌ م باسه‌ له‌ ته‌ واوی ئه‌ و ده‌ وله‌ تانه‌ دا که‌ ئیعدام ده‌ که‌ ن؛ بره‌ ویکی گه‌ وره‌ ی هه‌ یه‌. دوو به‌لگه‌ ی پایه‌ یی که‌ لایه‌ نگرانی ئیعدام ده‌ یهیننه‌ وه‌، مه‌ سه‌ له‌ کانی ئامار و ترس له‌ مه‌ رگه‌.
له‌ په‌ یوه‌ ند به‌ ئاماره‌ کانه‌ وه‌، ده‌ وله‌ ته‌ کان و لایه‌ نگرانی سزای ئیعدام بوچوونه‌ کانیان له‌ سه‌ ر ئه‌ م بنه‌ مایه‌ هه‌ لده‌ چنن: دیاریکردنی دوو خالی جیاوازی سه‌ ر به‌ دوو زه‌ مه‌ نی جیاواز له‌ میژووی هه‌ مان ولاتدا که‌ له‌ یه‌ کیکیاندا؛ سزای ئیعدام ئاماده‌یی هه‌بووه‌ و له‌وی تریشیاندا ئیعدام نه‌بووه‌. دواتریش به‌ پیی لیستی ئاماره‌کان، نیشانی ده‌ده‌ن که‌ ئه‌و زه‌ مه‌ نه‌ ی ئیعدام وه‌ ک سزا هه‌ بووه‌؛ ریژه‌ ی تاوان و کریمینالیتیت که‌ متر بووه‌. هه‌ ر چه‌ نده‌ خودی ئه‌ م فاکتانه‌ له‌ ژیر پرسیاردان. هاوکاتیش گروپی دژی سزای ئیعدام؛ ئاماری وا راده‌گه‌ینن که‌ تیایدا، به‌ بوونی سزای ئیعدامیش ریژه‌ ی تاوانکردن و کریمینالیتیت له‌ کومه‌ لگادا نه‌ هاتوته‌ خوار. به‌ لام له‌ راستی دا ئه‌ مه‌ کروکی باسی ئیعدام نییه‌.
گریمان که‌ به‌ بوونی سزای ئیعدام، ئاماره‌ کانی تاوانکاری هاتوونه‌ ته‌ خوار. به‌ لام ئاخر باسی بنه‌ ره‌ تی له‌ په‌ یوه‌ ند به‌ ئیعدامه‌ وه‌، خودی کوشتنی ئینسان و ته‌ جاوزکردنه‌ به‌ مافی ژیان که‌ ده‌ وله‌ ته‌ کان له‌ ژیر ئه‌ م په‌ رده‌ ی تاوانه‌ دا و به‌ ناوی ریگرتن له‌ ئه‌ نجامدانی تاوانه‌ وه‌، له‌ کومه‌ لگادا جاری بو ده‌ ده‌ ن و مافی کوشتن و توقاندنی ئینسانیان به‌ خویان ره‌ وا بینیوه‌. ئه‌وه‌ی جیگای سه‌رنجه‌، برگه‌ی زه‌مه‌نی میژوویی زورن که‌ تیایدا بوونی سزای ئیعدام هاوته‌ ریب نه‌ بووه‌ به‌ راده‌ ی زیادی ئاماره‌ کانی تاوانه‌ وه‌ له‌ کومه‌ لگادا، به‌ لکو که‌ لک وه‌ رگرتن له‌ سزای ئیعدام، له‌ سه‌ ر خواست و جه‌ خت له‌ سه‌ رکردنی لایه‌ نگرانی هیشتنه‌ وه‌ ی ئه‌ م سزایه‌ وه‌ بووه‌ که‌ له‌ ئورگانه‌ کانی ده‌ سه‌ لاتی حاکمدا بوون.
زیادبوونی یاخود که‌ مبوونی ریژه‌ و ئاماری تاوان له‌ کومه‌ لگادا، په‌ یوه‌ ندی به‌ بوون و نه‌ بوونی سزای ئیعدامه‌ وه‌ نیه‌. به‌ لکو هه‌ لومه‌ رجی ناله‌ باری کومه‌ لگا و فاکتوره‌ جیاوازه‌ کومه‌ لایه‌ تیه‌ کانی تره‌ که‌ ریژه‌ ی زیادی یاخود که‌ می تاوان

ده ستنیشان ده کات. هه ر بویه ش رولی سه ره کی تیوری "پیشپیگرتن"، شتیک نیه جگه له حه قانییه ت پی به خشین به ته مه نی سزای ئیعدام له ژیر په رچه می پاراستنی کومه لگا له به رانبه ر ده ستدریژیه کانی تاواندا. مارکس سه باره ت به سزا ده نووسیت:

"سزا له گشتی یه تی خویدا، وه ک هوکاریک بو ریفورم یان توقاندن، بووه ته شایه نی دیفاع لیکردن. ئیستا ئیوه چ مافیک به خوتان ره وا ده بینن کاتیک به نیازی چاککردن و توقاندنی که سانی تره وه ئیمه سزا د ه ده ن؟ له گه ل ئه وه شدا، میژوو هه یه ـ شتیکی وه کو چون ئاماره کان له به رده ستدایه ـ میژوویه ک که به ته واوی شایه ته کانیه وه ده یسه لمینی که دنیا له سه رده می قابیله وه، نه به سزا چاککراوه وه نه توقینراوه. به لکو کاره که به پیچه وانه وه بووه." (١)

ئیعدامیش نه ک هه ر مافی ژیانی تاوانبار ورد و خاش ده کات؛ به لکو کاریگه رییه کی نیگه تیڤیش له سه ر په یکه ری کومه لگا جیده هیلیت. به لام ریاکارییه کی گه وره که له تیزی "پیشپیگرتن"دا به شاراوه یی ده مینیته وه ئه وه یه؛ که سه رپوشیک ده نیته سه ر هوکاره واقعییه کانی تاوان و خراپه کاری و به مجوره سیسته می ده سه لاتدار؛ که هوکار و خولقینه ری زه مینه کانی تاوانه، بی مه سئولیه ت نیشان ده دات و ته واوی به رپرسیاریتی ئه م کرده وه یه ده نیته ملی تاک. راستی ئه وه یه که کرده وه ی خراپ و تاوان، ئه نجامی بوونی هه لومه رجیکی نائینسانی و سته مگه رانه ی کومه لایه تیه. کاریگه ریه کانی هه ژاری، بیکاری، بی خانه ولانه یی، نابه رابه ری، ئاپارتاید، گیروده یی ئینسان به ده ست ئه لکهول و مه وادی موخه ده ر و ده یه ها موسیبه تی تر له چوارچیوه ی سیسته می سه رمایه داریدا، به شیک له ئینسانه کان ناچارده کات که مل به کردنی کاری تاوانکارانه بده ن. شه و و روژ له ته له فیزیون و له سینه ماوه بانگه واز بو به کارهینانی زه بروزه نگ ده کریت. به رابه رکی و سوودپه ره ستی تاک گه رایی به ناونیشانی خه سله تی ئینسانی جاری بو ده دریت که ئینسان له ژیر زه بریکی ناچاریدا راده گریت و پالیان پیوه ده نیت بو ئه نجامدانی تاوان. وینه یه ک له کومه لگا ده کیشن؛ که وینه یه کی نه گور و ئه به دیه، وینه یه ک که کومه لگا زیاتر به جه نگه ل ده چوینیت و تیایدا به هیز، بی هیز له ناوده بات . ئاگری رق و کینه میللی و مه زهه بی و نه ژادیه کان خوشده که ن و تووی نه فره ت له نیوان ئینسانه کاندا ده چینن. زور ئاساییه که له کومه لگایه کی به م تایبه تمه ندیانه ی سه ره وه دا، ده ستدریژی لیکه ر و ده ستدریژی لیکراو، کوژه ر و کوژراو له ناویدا په روه رده بیت. تیوری "پیشپیگرتن" هه موو ئه مانه ده شاریته وه و ته نها به ناوی ریگالیگرتن یان پیشگرتن به هوکاری تاوانه وه ده وه ستیت و ئایین نامه ی تاوانباری واقعی، یانی سیسته می ده سه لاتدار پشت گوی ده نیت.

ئیعدام نه ته نها ری له تاوان ناگریت؛ به لکو ترس و به ربه ریه ت په ره پیده دات. ئاخر په یامی ئیعدام هیچ شتیک نییه جگه له حه قانیه ت به خشین و قانوونی کردنی زه بر و زه نگیکی مه رگاوی له دژی گیانی ئینسان.

## تیوری "سزا"

یه کیک له پایه ئه ساسیه کانی تیزی دیفاع کردن له ئیعدام؛ خودی چه مکی سزایه. له دید و بوچوونی تیوری "سزا" وه، ئه وه کاریگه ری و ئاکامه کانی ئیعدام نیه بو سه ر ئاینده که له به رچاو ده گیریت، به لکو ئه وه پروسه ی ره فتارکردنه له گه ل تاوانبار و بانگهیشتنی به رقه رارکردنی عه داله ته که ئه م دیده ئاراسته ده کات. کورته و پوخته ی باسی "سزا" له وه دا چرده بیته وه که تاوانباران شایه نی مه رگن و ده شبیت به سزای خویان بگه ن، تاکو عه داله ت به رقه رار بکریت. له م په یوه ندیه دا هه موو کات و بی برانه وه ئه م پرسیارانه ئاماده یی خویان هه یه: بوچی که سیک که تاوانیکی کردووه شایه نی ئه وه یه بمریت؟ ئه و که سه کییه که حه قی مه رگی تاوانبار ده ستنیشان ده کات و ئه م ده ستنیشان کردنه ش به چی پشت ئه ستووره؟ ئه وه چ عه داله تیکه که به کوشتنی ئینسان به رقه رار ده کریت؟

وه لامی دیفاع که رانیک له تیزی "سزا" و سه پاندنی مافی مه رگ به سه ر که سیکدا، له بیرکردنه وه یه کی زور کونه وه سه رچاوه ده گریت. به پیی ئه م فورموله کونه.: "حه قی توله سه ندنه وه به هوی سه پاندنی سزایه کی له یه کچوو له به رانبه ر

کرده‌وه‌ی تاوانباردا"، که له ره‌چه‌له‌کدا ده‌چیته‌وه سه‌ر ره‌گی چه‌مکی:"دانیک به دانیک و چاویک به چاویک"؛ که کرده‌وه‌ی ئینسان ده‌کاته بنه‌مایه‌ک بو دیاریکردنی سزا و مافی داسه‌پاندنی ئه‌و سزایه به‌سه‌ر ئه‌ودا. له‌سه‌ر پایه کانی ئه م بوچوونه وه، ده بی له گه ل ئینساندا به و جوره ره فتار بکریت که ئه و به رانبه ر ئینسانه کانی تر کردوویه تی. به م شیوه یه کرداری تاوانبار نه ک هه ر ده بیته پایه یه ک بو سزادانه که ی، به لکو ده‌بیته رینیشانده ر و پیوه ریکیش بو دیاریکردنی سزاکه ی. به پیی ئه م یاسایه، ته نها سزایه ک که شایه نی تاوانبار بیت، مه رگه. ئه م جوره بیرکردنه وه یه، نفوزیکی به‌هیزی له نیوان خه‌لکدا هه‌یه و پشتیوانی گه‌وره‌ی خوشی له‌سه‌ر هه‌ستی تولە سه ندنه وه و فه رهه نگ و ئه خلاقیاتیکی سه رده مه کونه کانه وه دروست ده کات.

چه‌مکی "دانیک به دانیک و چاویک به چاویک" هاوکاتیش له باری فه‌لسه‌فیه‌وه رینمایی ده‌کریت و هه‌ردوو فه یله سوف، کانت و هیگلیش دیفاع له هیشتنه وه ی سزای ئیعدام ده که ن و پشتیوانی خویان بو ئه م سزایه ده رده برن. کانت که بروای وایه هیچ لیکچوونیک له نیوان ژیان ومه رگدا نییه، ته نانه ت له سه ختترین هه لومه رجه کانیشدا، به و ئه نجامه ده گات که هیچ به رابه رییه کیش له نیوان تاوان و سزادا نابیت. مه گه ر ته نها له و کاتانه دا که تاوانبار به مه رگ بسپیردریت تاکو عه داله ت به رقه رار بکریت. کانت ته نانه ت له به رانبه ر چه مکی: "دانیک به دانیک و چاویک به چاویک" دا ئاواهی دیفاع ده کات:

"کاتیک تومه ت ده خه یته پال که سیک؛ تومه تت خستوته پال خوت. کاتیک شتیک له و ده‌دزیت، تو دزی له خوت ده که یت. کاتیک تو ئه و ده کوژی، خوت ده کوژیت. ته نها قانونی سزا ده توانیت به وردی شیوه و پله ی سزاکه دیاری بکات." (۲)

هیگلیش به ئاماژه کردن به وه ی که ژیان بازنه ی ته واوی یه ک ئینسانه؛ هیچ سزایه ک به غه یری مه رگ بو تاوانبار به که متر ناناسیت. قانونی سزا له مرودا و له هه ر شوینیکدا که ئیعدام ره واجی هه یه، یه ک پایه ی سه ره کی دیفاع کردن له ئیعدامه. به نموونه "ئارنست ڤین دان هوگ" که یه کیک له سه رسه ختترین لایه نگرانی سزای ئیعدامه له ئه مریکا، ئیعدام وه ک دیفاعیک له سیسته می کومه لایه تی پیناسه ده کات و پیی وایه بو به رقه رارکردنی عه داله ت ده بی ژیان له تاوانبار وه ربگیریته وه.

باسی کانت، له پله‌ی یه‌که‌مدادا ، پشت ئه‌ستووره به تیگه‌یشتنیکی ته‌واو هه‌لگه راوه له سه ر عه داله ت. له پله ی دووه‌میشدا، ئه‌و له کار و جووله‌ی تاوانباره‌وه ده‌ست پیده‌کات و گرنگی‌یه‌ک نادا به کومه‌ل و شوین پیی ئینسانه کانه وه له کومه لگادا. ئه و رولی کومه لگا، چ سه باره ت به زه مینه ی خودی تاوان و شوین پیی ئینسان له و پروسه یه دا، چ سه باره ت به تواناییه کانی کومه لگا بو ئیصلاح کردنی تاوانبار نابینیت و به شیوازیکی ته واو ئینتیزاعی له په یوه ندی تاوانبار و حه قی سزادان به سه ر ئه ودا، دیفاع ده کات.

هیگلیش دیت و هه ر هه مان کار ده کات و به راشکاوی ده رباره ی سزا و ماف ئاوا ده لیت:

"سزا مافیکی تاوانباره. ئه‌م کرداره ته‌نها په‌یوه‌ندی به خودی ئیراده‌ی تاوانباره وه هه یه. تاوانبار به له ژیر پی نانی مافدا، مافی خویشی راگه یاندووه. تاوانی ئه و نه فی مافه. سزاش نه فی ئه و نه فی یه یه. بویه ش ئه مه ئه و ئه ری یه یه (نه‌فی نه‌فی ده‌بیته مثبت، تیبینی وه‌رگیر)بو‌ئه‌وحه‌قه‌ی که له‌لایه ن ئه‌وه‌وه داواکراوه و به‌سه‌ریشیدا ده‌سه‌لمینریت" (۳)

مارکس ئه م ده سته واژه یه ی هیگل به ده سته واژه یه کی فریوده رانه سه رنج ده دات و ره خنه‌ی لیده گریت؛ به و هویه وه که له م بیرکردنه وه یه دا، تاوانبار تا پله ی ئینسانیکی ئازاد که ده سه لاتی به سه ر ره ئی خویدا هه یه به رز ده کریته وه؛ وه ئه وه ی که هیگل قانوونه کانی تا ئیستای کومه لگای به شه ری له ده ره وه ی کاریگه ری تاقیکردنه وه و زانیاری ئینساندا راده گریت، له پیش هه ر شتیکه وه به نیشانه یه ک له ئایدیالیزمی ئه لمانی ده ناسینیت. مارکس له به رانبه ر هیگل دا و له په یوه ند به باسی سزاوه ده لی:

"ئه و تیوری یه ی که سزا به ئه نجامی خودی ئیراده ی تاوانبار سه رنج ده دات، ته نها به یان کردنیکی میتافیزیقانه ی ئه و ده سته واژه کونه یه که ده لیت: چاو له به رانبه ر چاودا، دان له به رانبه ر داندا، خوین له به رانبه ر خویندا. به رونکردنه وه یه کی ساده و له که ناره وه دانانی هه ر جوره ته فسیریک، ده کری بوتریت: سزا شتیک نیه جگه له ئامرازیک که کومه لگا بو دیفاع پیکردن له خوی به کاری ده هینیت له به رانبه ر ئه و هوکارانه دا که مانه وه ی ژیانی کومه لگا تیک ده شکینیت. ئیستا ئه مه چ هه لومه رجیکه که له کومه لگادا جگه له جه للاد، هیچ ئامرازیکی تر بو دیفاع پیکردن له خوی ناناسیت و به ربه ریه تی خوی به ناونیشانی قانوونی ئه به دیه وه .راده گه ینیت؟" (۴)

به لام کانت و هیگل نه ک هه ر له م به ربه ریه ته ی چینه ده سه لاتداره کان له په یوه ند به مه سه له ی سزای ئیعدامه وه دیفاع ده که ن؛ به لکو "چاویک به چاویک"یش له قالبی دیفاع کردن له حه قدا ده به ستنه وه به چه مکی عه داله ته وه.

به لام "چاویک به چاویک، دانیک به دانیک" له بنه ره تدا باسیک نیه که په یوه ندی به عه داله ته وه هه بیت، به لکو په یوه ندی به دیدی درندانه ی توله وه هه یه و موری بیرکردنه وه ی زه مانی به ربه ریه ت و درندایه تی به ناوچاوانیه وه یه تی. "چاویک به چاویک، دانیک به دانیک"، ئه گه ر چی په یوه ندی به هه لومه رجی کومه لایه تی و ئه و جیگاو ریگایه ی که تاوانبار دروست ده کات نیه، هاوکاتیش به هیچ جوره پیوانه یه کی ئه خلاقی و ئینسانیشه وه پابه ند نییه. له سه ر ئه ساسی ئه و دیده؛ ده بی به و جوره ره فتار له گه ل ئینسانه کاندا بکریت که ئه وان له گه ل ئینسانه کانی تردا کردوویانه؛ که واته ده بیت هه ر کاریکی درندانه و نائینسانیش به کرده وه یه کی درندانه و نائینسانی وه لامی پیبدریته وه. هه لبه ته له دیدیکی ئاواهیدا و له هه موو کاته کاندا ناکریت پراوپر و به رانبه ر به یه ک، که لک له چه مکی "دانیک به دانیک" وه ربگیریت. بو نموونه، کاتیک که سیک لاقه ی که سیکی تر ده کات، بو سزای تاوانه که ی لاقه ی پیناکریت. به لام کروکی ئه و چه مکه به مانای دیاریکردنی ئاستیکی به رانبه ری سزایه که گونجاوه له گه ل تاوان و کاریکی ئه نجامدراودا. هه ر ئه مه شه که پایه ی تیوری سزا و ئه م ئاسته یه کسانه له سزا له گه لیک په یوه ندیه کانی ئیعدامدا پیناسه ده کات.

به لام گرفتی سه ره کی چه مکی "سزای به رانبه ر و یه کسان"، له وه دایه که هیچ پیوه ریک بو دیاریکردنی ئه م ئاسته گونجاوه له سزا نادا ته ده سته وه و له گه ل ئه وه شدا، شتیک که حه قیکی شایسته و به رانبه ری تاوانباری ناو لیده نریت، ته نها له یه ک حاله تدا ده کری دیاری بکریت ئه ویش حاله تی قه تله، که قاتل ده کوژریته وه. ئه گینا بو تاوانه کانی تر و سه پاندنی سزای "به رانبه ر" به سه ر جیبه جیکه رانی تاوانباردا، ئه وه له کات و شوینه جیاوازه کاندا، ته نها پیوه ریک ده ستنیشانی ده کات که بریتیه له ئاماده یی بیروباوه ر و سونه ته دواکه وتووه کان و ئاستی ریژه ی زه بروزه نگ و به ربه ریه تی ده سه لاتداران. ئاخر کاتیک که سیک له گه ل ژنیکدا ده خه ویت و له ئیرانی ئیسلامدا سزای ئیعدامی به سه ردا جیبه جی ده که ن، ئه وه پیوه ره ئیسلامیه کان و سونه تی فه رهه نگی ده سه لاتدارانه که سزای به رانبه ر بو ئه و کرده وه یه به ئیعدام پیناسه ده کات.

هاوکاتیش ئیراده ی ده سه لاتداران له په یوه ند به دیاریکردن و سه پاندنی سزای مه رگ به سه ر ئینسانه کاندا، به گه لیک فاکتوری تره وه گریی خواردووه و چه ندین هوکاری وه ک: شوین پیی چینایه تی، کینه توزی میللی و نه ژادی، ئه سله ئاینییه کان و گه لیک شتی تر رولی سه ره کی و گرنگ ده گیرن. هه ر به هوی ئه و فاکتور و هوکارانه شه وه یه، که به شیکی زوری ئه و تاوانانه ی که سزای ئیعدام ده یان گریته وه، ئه و کرده وانه ن که دژایه تیان له گه ل پایه فیکری و ئایدولوژیه کانی ده سه لاتداراندا هه یه و هاوکاتیش بو به شیکی زوری نارازیه کانی ناو کومه لگا خراونه ته چوارچیوه ی قانوونه وه.

هیماکردن به قانوونه کانی کوماری ئیسلامی ئیران له م په یوه نده دا کاریکی خراپ نییه. له کوماری ئیسلامی ئیراندا که هه زاران ئینسان ره وانه ی سه ر په تی سیداره ده کرین، لیستیکی دریژ له سزای سیداره دان له قانوونه کانی جه زایی ئه و ولاته دا ده بینین، که ته نانه ت بو ئه و ده وله تانه ی تر که ئیعدام ده که ن قابیلی قبول نییه. بو نموونه ده کری هیما به هه ندیکیان بکریت: کوشتن له کاتیکدا که که س و کاری کوژراو خوازیاری توله سه ندنه وه بن، قه ساس، لاقه کردن،

قاچاغچیتی مه‌وادی موخه‌دیر، دزی، خواردنه‌وه‌ی مه‌شروب پاش ۳ جار دادگایی کردن، زینا یاخود په یوه ندیه کی "نامه‌شروع"، کرده‌وه‌ی هوموسیکوالیتیت پاش دادگایی کردنی بو جاری چواره‌م، په‌یوه‌ندی نیوان ژنی موسولمان و پیاوی غه یره موسولمان، له ئایین هه لگه رانه وه، کارکردن له دژی ده وله ت و گه لیک شتی تر. زوریک له مانه ی سه ره وه په یوه ندیان به زیان پیگه یاندن به که سیکی تره وه نیه و به مانای نه فی کردنی حه قی که سیکی تریشه وه نیه. ته نانه ت به پیی چه‌مکی "چاویک به چاویک، دانیک به دانیک"یش نابیته چوارچیوه‌یه‌ک که سزای مه‌رگ به‌سه‌ر جیبه جیکه ره که یدا بسه پینیت. که چی له ئیسلامدا، ده بیته تاوان و خه لکی له سه ر ده‌کوژن. شتیک که لیره دا ده بیته پیوه ری کوشتنی ئینسانه کان، هه ر هه مان ئه و کینه توزییه دواکه وتو و کونه په رستانه یه و ئه و ئه حکام و بیروباوه ره گه نده لانه ی ئیسلام و به رژه وه ندییه زه مینیه کانی ده سه لاتدارانیکه که قوربانی له ئینسانه کان ده گریت.

به لام له پال ده رخستنی نه خشی ده وله تدا له په یوه ند به سزای ئیعدامه وه، چاکتر وایه ئاماژه بکه ین به خالیکی تر که ئه‌ویش: هه‌ژمونیی ئیحساساتی توله‌سه‌ندنه‌وه و خوین‌خوریه که له نیوان به‌شیک له ئینسانه‌کاندا بوونی هه‌یه. توله‌سه‌ندنه‌وه، میراتی سه‌رده‌می درندایه‌تی‌یه. به‌لام تا ئیستاش به‌شیک له‌و ئینسانانه‌ی که له‌ژیر کاریگه‌ری بیروباوه ری کون و ته بلیغاتی کینه توزانه دان، کاتیک باسی چونیه تی ره فتار کردن له گه‌ل تاوانباراندا دیته پیش؛ ده م له توله سه ندنه وه ده کوتن. بو نموونه له ولاتیکی وه ک ئه مریکادا، وه له یه کیک له و راپرسییه گرنگانه دا که ده رباره ی سزای ئیعدام ئه‌نجامدراوه، ده‌کری ئه‌وه ببینریت که جگه له باسه کانی پیشپیگرتن و سه پاندنی سزای ئیعدام به سه ر تاوانباراندا، باسی وه ک، توله سه ندنه وه و ئارامبوونه وه ی که س وکاری قوربانی وه ک فاکتوری تر، بو هیشتنه وه ی سزای ئیعدام ئاماژه ی پیده کریت. به لام له راستیدا بوچی که س وکاری قوربانی یان هه ر که سیکی تر، ده بی به ئیعدامکردنی که سیکی تر دلی فینک و ئارام بیته وه؟ بیگومان توورِه یی خه لکی له کرده وه ی تاوانبار یان نه فره ت کردن له هه ر کرده‌وه‌یه‌ک که مافی که‌سیکی‌تر له‌ژیر پیده‌نیت، کاردانه‌وه‌یه‌کی سروشتی ئینسانه کانه. به لام ئه وه ئه مه نیه که توله سه ندنه وه ئاراسته ی جیگایه کی تر ده کات. توله سه ندنه وه پیوه ر و قانوونیکی نیه و له ژیر کاریگه ری هه لچوون و ئیحساساتی به ده ر له پیوه ره ئینسانیه کاندا شکل ده گریت. که سیک که خوازیاره توله له تاوانباریک بکاته وه، ته نها جیاوازییه کی له گه ل تاوانباردا هه یه: ئه و توله سه ندنه وه وه ک وه لامیک به و ده رد ه ی که گیروده ی بووه چاو لیده کات.

زور زه حمه ته که سیکی توله سینه ره وه په‌یدا بیت که خوی ببیته جیبه‌جیکه‌ری ئیعدامی تاوانبار، بویه‌ش خوازیاره که ده‌وله‌ت له‌بری ئه‌و ئه‌م پروسه‌ی کوشتنه ئه نجام بدات. به لام ئه مه هیچ له و راستییه ناگوریت، که که سی لایه نگری توله، خوی له پروسه ی به کوشتدانی تاوانباردا ده کاته شه ریک و خوشی تا ئاستی قاتلیک داده زبه زینیت و ده بیته هوی مه رگی ئینسانیکی‌تر.

ئه وه ی جیگای سه رنجه، سزای ئیعدام که خوی له خویدا توله سه ندنه وه یه کی خویناوییه، له سه ر پایه ی به رقه رارکردنی عه‌داله‌ته‌وه ئاراسته ده‌کریت، به‌تایبه‌یت له دیدی تیوری "سزا"وه، هه‌ر بویه‌ش ئه‌و که‌سه‌ی خوازیاری توله سه ندنه وه یه، هه ر هه مان دوکومینت دووپات ده کاته وه. به لام ئه مه عه داله ت نییه. عه داله ت چه مکیکی نیگه تیڤ نیه. عه داله ت به مانای دابه شکردنی فه لاکه ت و سه پاندنی ده رد و ره نج و مه ینه تی نیه به سه ر خه لکدا. عه داله ت خولقاندنی تاوانیکی تر له وه لام به کرده وه یه کی تاوانکارانه ی که سیکی تر دا نیه. به لکو عه داله ت چه مکیکی پوزه تیڤه و خواستیکی تا قولایی ناخ ئینسانی یه. عه داله ت له مه یدانی ژیانی کومه لایه تی ئینساندا، به مانای به هره مه ندبوون و ده‌ستراگه‌یشتنی ئینسانه‌کانه به ئیمکاناته‌کانی کومه‌لگا. عه‌داله‌ت له مه یدانی سیسته می قه زائیدا، به مانای به رقه رارکردنی چوراچیوه یه که که له سه ر پایه کانی ئه و، مافه کانی تاوانباران و ئه وانه ی گومانی تاوانیان له سه ره، به باشترین شیوه به رقه رار بکریت و زولمیان لینه کریت. تیوری "سزا" و "چاویک به چاویک، دانیک به دانیک" په یوه ندی به عه‌داله‌ته‌وه نیه. هه‌ر له‌م رووه‌شه‌وه‌یه که هیچ سیسته‌میکی قه‌زائی که که‌میکیش پشت‌ئه‌ستوور بیت به عه‌داله‌تیکی به ئینسافانه‌وه، ناتوانیت له‌سه‌ر پایه‌کانی تیوری "سزا" دابریژریت. عه‌داله‌ت خوازیاری کوشتنی

هەواڵنامەی ژێر

ئینسانه كان نیه و سزای ئیعدامیش له كوتاییدا زولم و درنده یی یه كی بی وینه یه له دژی به شه رییه ت.

## ئیعدام هه‌رزانتره؟

یه كیک له و باسانه ی تر كه لایه نگرانی ئیعدام ده یكه ن، مه سه له ی ئابوورییه. ئه وان ده لین زیندانی ئه به دی پاره و پولیكی زیاتری له ئیعدام تیده‌چیت و بروایان وایه ژیانی تاوانباران بی نرخه‌و بویه شایه نی ئه وه نین كه پاره یه ك له وانه دا سه رف بكریت. بویه ش خوازیاری كوشتنی تاوانبارن. ئه م بوونه وه ره سه رسورهینه‌رانه قه له م و كاغه زیان گرتووه به ده‌سته‌وه و پاش حسابكردن و ژماردنی جیاوازی نیوان تیچووی زیندان و ئیعدام، یان به زمانیكی ساده تر، جیاوازی نیوان مه سره فه كانی زیندان و ئیعدام، ده یانه وی به كومه لگا بسه لمینن كه قیمه‌تی ماددی ئه و جیاوازی پاره یه له ژیانی ئینسان زیاتره و به نرختره. ئه و جه نابانه ده زانن كه به شی زوری ئه وانه ی سزای ئیعدامیان له سه ره، كه سانیكی سه ر به چین و تویژه كانی خواره وه ی كومه لگان و ده وله تیش ناچاره كه پاره ی دادگا و پروسه‌ی دادگاییه كه یان بگریته ئه ستو؛ بویه خوازیاری ئیعدام كردنیانن چونكه هه رزانتر ته واو ده بیت. له راستیدا ئه و پیوه ر و به هایه ی كه ئه مانه بو كیشانی چه مكه كانی حه ق و عه داله ت له به ر چاوی ده گرن، هه مان ئه و پیوه رانه یه كه ملكه چی قانوونه ئه ساسیه كانی كومه لگای چینایه تییه. له م سیسته مه دا، كه له مرودا سه رمایه دارییه، حه ق و مولكایه تی پیكه وه گری ده درین. ئه م ده‌سته‌یه له لایه‌نگرانی ئیعدام، كه له‌به‌رانبه‌ر ژیانی تاوانباراندا خوازیاری مه سره فیكی كه مترن و ئه وه یان به لاوه گرنگتره، ئه‌گه‌ر فشاری خه‌باتی كریكار و بزووتنه‌وه پیشكه‌وتووخوازه‌كانی كومه لگا له سه ریان قورسایی دانه نیت، ده یانه وی به ها و هه موو ده ستكه وته كانی كومه لگا بگه رینه وه بو سه رده می به ربه رییه ت.

هاوكاتیش به شیک له وانه ی كه دژی سزای ئیعدامن، له به رانبه ر ریزه كه ی به رانبه ردا؛ (لایه نگرانی ئیعدامدا) ده ست به دامینی هینانه وه ی چه ندین به لگه وه ده گرن كه گومراكارانه یه و هیچ كومه كیكیش به خه باتی بزووتنه وه ی لابردنی ئیعدام ناكات. ئه‌م تاقمه له به‌رانبه‌ر لیستی مه‌سره‌فه‌كانی ئیعدامدا، ئامار و لیسته كانی خویان راده گه یه نن و ده یانه وی به حسابكردنی كریی محامی و دادگا و كاره كانی تر، نیشانی بده ن كه ئیعدام قازانج هینه ر نیه و زیندانی ئه به دی وه ك ئه لته رناتیڤ پیشنیار ده كه ن. به لام بوچی ئه م عه بقه رییانه له ریی دلسوزی نیشاندانیانه وه بو كیسه و گیرفانه كانی ده وله ت خوازیاری لابردنی ئیعدامن؟ ئایا ئه وان نازانن كه ئه مه سووكایه تی پیكردنه به بوون و جیگای شیاوی ئینسان و كاتیكیش باس له‌سه‌ر زیندوو هیشتنه‌وه‌ی ئینسانه، نابیت و ناكریت ئینسان خوی تیكه لی نرخ و پاره ی تیچوو و مامه له ی له م جوره شتانه بكات؟ خالیكی تر ئه وه یه كه ئه م جه نابانه پیشنیاریک ده خه نه به ر ده ست كه ناعادلانه یه. ئاخر ئه وان چ وه لامیكیان پییه كاتیک له زور شوینی تری دنیادا ئینسانه‌كان زور به ساده یی نابوود ده كرین و پاره یه كی ئه وتوشی تیناچیت، چون له كاتی وادا ده توانن دیفاع له لابردنی ئیعدام بكه‌ن.؟

باسیكی‌تری زور تیكده‌رانه كه له نیوان به‌شیک له گرووپه‌كانی دژی ئیعدامدا بوونی هه یه، ته ئكیدكردنیانه له سه ر بریاردانی هه له و ئه و نایه كسانی یه ی كه ده كری له پروسه ی دادگایی كردنی **تاوانباراندا** له لایه ن حاكم و هه یئه تی قه‌زائیه‌وه بیته پیش.

ئه وان پییان وایه كه به م جوره كه سانی بی تاوانیش ئیعدام ده كرین. هه ربویه ش دژی سزای ئیعدامن. به لام ئه وه خودی حاكم نیه كه ده كری ببیته هوی ئیعدامكردنی كه سانی بیتاوان، به لكو چه نده ها فاكتوری تریش هه ن كه له م پروسه یه دا رولی خویان ده بینن. به لام ئه م باسه و ئه مجوره ناره زایه تی ده ربرینه به دژی ئیعدام، زیاتر له باس و ناره زایه تییه ك ده چیت به دژی هه لاواردن و ئاپارتاید، وه ك له باسی دژی ئیعدام. به لام ئایا ئه م بوچوونه له‌په یوه ند به ئیعدامكردنی كه سیكی گوناحباردا چی ده لیت، به تایبه ت له و كاته دا كه تاوانبار خوی به ئاشكرا رایده گه یینیت كه تاوانی ئه نجام داوه، له م كاته دا ئه مانه چ حوكمیک په سه ند ده كه ن؟

له سیسته مه قه زائییه كانی ئه مرودا كه چه نده ها جوری هه لاواردن و ئاپارتایدیان له خویاندا حه شارداوه، وه به بوون و

ئاماده یی سزای ئیعدام، ئاشكرایه كه بی تاوانیش تا سه رداری سیداره راپیچ ده كریت و ئه م كاره ش ته نها سنووردار ناكریته وه به ده سه لاتی حاكمه كانه وه. ئه وه ی ده بی بوتریت ئه وه یه كه لابردنی سزای ئیعدام و خه باتكردن بو ئه وه، له‌سه‌ر بیگوناحی و بیتاوانی تاوانباره‌وه ده‌ست‌پیناكات، به‌لكو باسیكه له‌سه‌ر خودی ئیعدام. هه ر بویه ش نابیت به هیچ جوریک له سه ر ئه مه قه ید و به ند و مه رج دابنریت.

## ئیعدام وه‌ک ئامرازیکی سه‌رکوتکردنی ناره‌زایه‌تی.

ئیعدام ته‌نها له به‌رانبه‌ر كوشتن و ده‌ستدریژی كردنه سه‌ر كه‌سیک و تاوانباراندا نه‌بووه و نیه. ریزی ناره‌زایه‌تی ده‌ربران له كومه‌لگادا، زیاترین قوربانیانی قانوونه‌كانی سزای ئیعدام بوون. كومونیسته‌كان، كریكارانی خه باتگیر، هه لسوراوانی سیاسی ئوپوزیسیونی ده وله ته كان و شورشگیران و گه لیكی تریش، به رزترین ژماره ی ده سته ی ئیعدامكراوانی دنیا پیكده‌هینن. له هه‌ر شوینیكیشدا نائارامییه كومه‌لایه‌تیه‌كان به پله ی بالای خوی گه یشتبیت و بوونی ده‌وله‌ته‌كانی خستبیته مه‌ترسی له‌ناوچوونه‌وه، ئه‌وا به‌شیک له كومه‌لانی خه لكی له ژیر تیغه كانی ئیعدامدا راگیراون. ئه مه چ له و شوینانه دا كه له ریگای قانوونه كانه وه جیگایه ک بو سرینه وه و نه فی كردنه وه ی ژیانی ئه وان دیاریكراوه. یان له و شوینانه دا كه ئیعدام ئه مانی نه گرتوته وه و به هه لبه ستنی ده سیسه و تاوانی ده ستكرد، راپیچی سه ر دار كراون. یان له ریگه ی دارشتنی قانوونه تایبه تیه كانه وه؛ قانوونی عه سكه ری و شتی تری له م بابه ته.

ئه گه ر له تیكرای ئه م باسانه دا قسه كان و دیده كانی ئه وانه ی لایه نگری له سزای ئیعدام ده كه ن كوبكه ینه وه، ئه وا دیدیكی وا به ده ست دیت كه ئه گه ر ئیعدام نه بیت، ئیمكانی ئیصلاحكردنی كومه لگا نیه. له لایه كی تریشه وه، له م جوره بیركردنه وه دا، روونكردنه وه یه كی ته واو پیچه وانه و هه لگه راوه له سه ر عه داله ت ده خریته به رده ست و نه فره ت و هه‌ستی تووله‌سه‌ندنه‌وه و خوین‌خوری وه‌ک دیارده‌یه‌كی عادی له كومه‌لگادا نیشان ده‌دریت كه پیویسته دووباره به‌رهه‌م‌بهینریته‌وه. ئه‌مانه‌ش هه‌مووی به مانای سووكایه‌تی كردن به حورمه‌ت و شان و شكوی ئینسانه و له لایه كی تریشه وه په ره پیدانه به هه موو بیروبوچوونیكی كونه په رستانه و دژی ئینسانی.

بوونی سزای ئیعدام، سیمبولی ده سه لاتی ده وله ت و چینه ده سه لاتداره كانه به سه ر گیانی هاوولاتیانه وه. داوه ری كردنیكه سه‌باره‌ت به قیمه‌تی گیانی ئینسان و حاشاكردنیشه له حورمه‌تی ئینسانی ئه‌و. په‌یامه‌كه‌ی: شه رعیه ت دانه به زه بروزه نگ؛ زه بروزه نگیک كه وه ک په تایه ک به كومه لگادا بلاوده بیته وه. له به رانبه ریشدا، لابردنی ئیعدام و دیفاعكردن له حه قی ژیان؛ كوشتنی ئینسانه كان قه ده غه ده كات. ریز بو ژیان ده گیریته وه و ده بیته سیمبولی دیفاعكردن له ژیان. ئیعدام دژایه‌تی له‌گه‌ل ئوسول و پایه ئه‌خلاقی و مه‌عنه‌ویه‌كانی ئینساندا هه‌یه و ده‌بیت لاببریت. به‌لام به‌ده‌سته‌وه‌گرتنی ئه‌م ئامرازه دزیوه‌ی سه‌ركوت له‌لایه‌ن ده‌وله‌ته‌كانه‌وه، كاریک نیه كه له نه‌زانینه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتبیت. به لكو هه لبژاردنیكی سیاسی و به ئاگاهانه ی ئه وانه. بویه ش بو لابردنی سزای ئیعدام ده بی تیبكوشریت.

١ـ ماركس سه باره ت به سزای ئیعدام، كومه لیک له كاره كانی ماركس و ئه نجلس به زمانی ئینگلیزی ، به رگی ١١ لاپه ره ی ٤٩٦.

٢ـ كانت **The metaphisical elements of justic p 101**

٣ـ هیگل **Grundlinjen der Philosophie des Rechts** ئه‌م به‌شه له قسه‌كانی هیگل له هه مان وتاری ناوبراوی ماركسدا له سه رچاوه ی یه كه مه وه وه رگیراوه.

٤ـ ماركس سه رچاوه ی یه كه م لاپه ره ٤٩٧

***

# پاکانەیەکی تریش

سە فین عە لی

### * پەنجەرەیەک:

لە میحرابی چنارە بی سیبە رە کانی جە ستە ت د ست پی دە کە م...
لە تەمتومانی حەژمەتیک "ئادە م" دەستی بو میوەیەک برد ئەوە سیو نەبوو! ئەناناس بوو... مەمکی کیویی قە دە رە کە م ... ئە م کاغە زە خە ریکە دە بیتە هە ویریکی بازنە یی و دە مامکم دە دا.
ئە ناناس، میوە یە کی ئاسایی بوو، وە ک میوە کانی تر تام و رە نگ و بوی تایبە ت و شیوە ی جیاوازی خوی هە بوو...
زووتر بە روومە تە خوخە کانی دایکم ئارام دە بوومە وە، بونی گە نم لە پیستی کچە شارییە کە و مە مکە هە رمییە کانی ئە و عە زرا بی ئە مانە ی کە هیشتا لە زاری کە س نە تواببوە.
زووتر گویم راهاتبوو بە و گورانیە خیرا و پراوپر لە حە ژمە ت و دە ست رانە گە یشتنانە، پر لە میوە ش، بالا درە ختی هە نار و مە مک نارنج و ... گورانی بیژە کانیش زیاتر لە میوە فروشی بە سە لیقە دە چوون!
من نە مدە زانی ئە ناناس روژیک دە بیتە سیمبولی خوشە ویستی ژنیک. نە مدە زانی ئە و میوە یە د ە بیتە ناوی ئە و نازدارە بینازە دوورە دە ستە م، هە تا روژیک درکیکی ئە و میوە مزرە دە ستی زامدار کردم. میوە یە کی سە یرە، مییە کی پر لە وە یە. بی ئازار تامی ناکە یت. ناکری خوشت بوی بی جە خار و ئە فسووس!

### * ئاوینەیەک:

ئە و دارە ی مووسا نیلی پی شە ق کرد، دار عە سا نە بوو، درە ختی ئاناناس بوو ئالابووە بالای خوشە ویستە کە م. ئە وە ی کە بیم و جاریکی تر ئە م هە موو تە ون و تە لیسمە بکە مە مومیا و بە رامبە ریا بی چارە و دە ستە نگ بوە ستم، ئە ستە مە. ئە م ژاوە ژاوە پرە لە شت، تە نها عە شق بی لانە یە، لە وانە یە پیت وابی تە مە ن لە م سی کوچکە ی رامان و راکردن و حە سانە وە یە دە کری بکری ساد ە تر، بی مە رام تر چاو بتروو کینی، بە لام تا لە م بە یانیە ش ئە ناناس تە نها میوە یە ک بوو..!

### *پەنجەرەیەکی تر:

لە سە ر گازە رای پشتی ئە م شە پولە بی بە زە ییانە ی جیهان، دە ست دە بە م بو بە لە مە پیرە کانی هزرم، گە رم و گور دە بمە هاودە نگی حە یرانیک کە لە "چومان"ە وە سە رهە لدە دا... دە نگی هە ناسە کە ت ئە مرو لە ورد و خاش کردنی دە نکە هە ناری حە زە کانم دە چی، لە وانە یە بی ئارامیم بە رە و کە ار و دورگە ی سە مە رە ترم ببات، بە لام لە م سە حە رە تازانە ی گە ردوون، من زور شت دە مباتەوە بازنەی دوو چاوی هەنگوینی و بەس... لەو دیوی ئەم ماسولکە و ئیسقان و خە ندانە، تە لیسمی رواوە. ماچە کانمان بە لە می کون کراو بوون، ئیستاش نازانم ئە وانە ی تیپە رین سال بوون یان چی؟!
تەنها چەند شەویک مانگەشەو ئیمەی پەراندەوە بو دوورگە حەرام کراوە کان و بە یە کە وە، بیرمە، "ئە ناناس"مان خوارد.

هەواڵنامەی کتێب

## * دەقی پاکانەکە:

چنگی له شه رمه ساته کانی دووریمان،
ده نیمه ژیر سه رینی بی به شیم.
له گرموله بوونت له باوه شما، ترسه ئه زه لیه که م، سلاویک ده کا!
چه مه چره بی وه نه وزه کانی دوینیم
له م نه هامه تیه بی جادوو و ته ونه، ته م شه ن ده که ن...
به تاسه وه ده ست بو ئه و کونه ئه شکه وتانه ده به م،
زور له شه وه کان تامه زرویی ده نگت، ده مباته وه حه شارگه
ده میکه ئه و نه رمه هه والانه، بوونه ته خولیای ده ربه نده کانم
به لام گوله ته ره کان، فرمیسک دینن...
ئه و گوله مورانه ش بیجگه له ته لیسمی زیاتر، هیچ نانوینن
ئه م چیروکه قورگی پر بووه له پارووه وشه ی به دبه خت
ئه م گمه گمی بارانه ش، نازانم داوای باو ه شم ده کا، یان جودای
ئه و گوله ئه ستیرانه ی ژووره که ت، چاوانمن هه لواسراون
یان لاشه ن وشکیان ده که یته وه...!
ئه مه چایه ده یخویته وه یان شیله ی ئه ناناسه
له ده ماره کانم ده تکیته خوار...
ساده یی گه ماروی داوم،
منی شوربووه وه به ئه سته مه جاویدانه کانی مه راقت
که ی دیمه به ر ده رگای مه رام و پارانه وه ، که ی ده بمه "ئه و"
باوه ش به ته لبه نده کانیشت ده که م، تارماییشت
بو رازاندنه وه ی دلم هیچم نیه، وشه م نیه هه لیواسم...!

## * ئیمزا:

که باران ده گی ده نووسی، چاوه کانی توش ده نووقین
به هه زار ده ست و په نجه سروشت ده که ویته باوه شت.
ده م و ساتی بی هه وال و زمانی لالی شپرزه ییم،
ئه م ته لبه نده ساویلکانه ده که نه پیده شت و بزه و سه حه ر
به هاران دیم، بو چه ماندنه وه ی چیمه نه کانی ته نیاییت
پایزان سه ر ئه ده م بو پشکوتنی خه ونیکی نه بینراو
زستانان مات ده بم، سر ده بم له کوشی جودابیت
هاوینانیش چه تر هه لده که م بو خوری سلاویکت
من تاقه قه ره جیکم تا ئیستا عه شقم له گه ردن کردبی

هەواڵنامەی کتێب

ئه گه رچی تو قورگت ئاخنیوم به بالنده و باران و مه راق و گریان
من تازه قه تماغه و ئاخی فه یله سوفه کان ده دوزمه وه،
توش ده ته وی حه شارم ده ی له چاوانی ئه م زه رده په ره ...
تنوکی ئاره قی ئه و روشناییه برینه کانم سه وز ده کا...
گشت ئه و شتانه ی جه سته ت به ریان ده که وی ده مناسن
له هه موو موچرکیکی ده نگ و هه ناسه ت ده گه م...
له نیو هالاوی ئه م روژه ساردانه ی ته مه ن،
پالتوم کردوته شانی چاوانت...
له ده نگه ده نگی نیو ژیله موی حه سره تت،
قرچه ی گه رما و دیمه نه کانی سه حرای سه حه رت ده بینم...
من... توم... هیشتا... ده وی!

***

هەواڵنامەی کتێب

# ناموسپەرستی و رەشەکوژی ژنان لە ئوردون

اعظم کم گویان

لەیلا قاسمیانی کردوویە بە کوردی

بەیانی یەکی روژیکی هاوینی، لە سالی رابردوودا، خزمە کانی رعنا عرفات، کچی بیست و یە ک سالە ی دانیشتووی عمان، داوە ت دە کە ن بو سە یران و دە لین کە وایان کردووە کە ئە و بتوانی بە دزیە وە ئە و کورە یش کە خوشی دە وی ببینی. پاش ماو ە یە ک پیاسە، رە عنا دە بە نە شوینیکی چول و تە ریک و لە ناکاو پینج گوللە میشکی هە لدە تە کینی. بکوژە کە ی رعنا، برا هە فدە سالانە کە ی خوی بوو.

ناموس پەرستی کە یەکیک لە سوننەتە ئیسلامی و عشیرەتیەکانە، تا ئیسنتا بووە بە هوی کوشتی هە زاران ژن لە ئوردون دا. هە ر چە ن قە تلی ناموسی تە نیا تایبە ت بە ئوردون نیە و لە باقی ولاتانی تری عە ربی و ئیسلام زە دە شدا، کە م تا زور، بە ئاشکرا و بە نهینی دە کریت، بە لام لە م چە ند سالە ی دواییدا ئە م مە سە لە یە لە ئوردوندا زیاتر پە رە ی سەندووە و هەزاران ژنی خستووە ناو دەمی مەرگەوە. هاوکات موقاومەت و کەمپەینیکی زوریش دژ بە م تاوانانە وەری کەوتووە. لە سالدا نزیکەی ۳۰_۲۵ قەتلی ناموسی لە ئوردون دەکیشریتە مە حکە مە. هە لبە تە ئە مە تە نیا بەشیکی یەکجار بچووک لە ئاماری راستەقینەی قوربانیەکانی قەتلە ناموسی یە کان لە م ولاتە دایە. زوربە ی ئە م قەتلانە بە نیوی "ون بوون" و "خوکوشتن" سەرپوشیان لە سەر دادەنریت. ژنان بە هوی جوراوجور قوربانی ناموس پە رستی دە بن. مل نە دان بە زە واجی زورە ملی کە لە لایە ن باوک و برا بە سە ر کچ دا د ە سە پینریت؛ تجاوز پیکران لە لایە ن پیاوانی بنە مالە یا کە سانی تر؛ مل کە چ نە کردن بو زورداری پیاوانی "بە شە رە ف"ی بنە مالە؛ بە رە نگاربوونە وە و سوننەت شکینی کچانی گەنج لە ناو بنەمالە و ناوچەی بەستراو و دواکەتوو، لە هویەکانی قەتلی ناموسی لە ئوردونن.

قانوون لە ئوردوندا پشتگیری لە قە تلی ناموسی دە کا. مادە ی ۳۴۰ ی قانوونی مجازات ی (تادیب) ئوردوندا هاتووە:

"ئەگەر پیاویک شک ببات کە ژنەکەی یان خزمیکی ژنی، پەیوەندی جنسی لە گەل پیاویکی تر هە بیت و هە ر دووکیان بکوژیت یان برینداریان بکات، هیچ سزایە کی بو نیە"

مادە ی ۹۸ ی هە مان قانوون دە لیت:

"ئە گە ر پیاویک شک بە بوونی پە یوە ندی نارە وا لە لایە ن ژنیکی خزم یە وە بکات و ژنە کە بکوژی، تە نانە ت ئە گە ر پە یوە ندی جنسی یش لە ئارادا نە بووبیت، بوی هە یە کە سزاکە ی بو دابە زی."

بە پیی ئەم قانوونە ئیسلامی_عەشیرەیی یە کە ژنکوژی بە هەر بیانوویەک بە رەوا دادەنی، قاتلیش سزاکەی دادەبەزی. سزای قەتلی ناموسی بەینی ۳ مانگ تا یەک سالە. هەر بەم بونەوە ش داریژە رانی پلانی ئە م قە تلە ناموسی یانە لە زوربەی کاتدا بە هەلخراندنی ئیحاساساتی دواکەوتوانە و عە شیرە تی لاوانی کەم سال (نزمتر لە تە مە نی قانوونی) و متعصب ی بنە مالە، ئە م قە تلانە بە ئە نجام دە گە یە نن، کە ئە وانیش دوای تیپە رکردنی ۳ تا ۱۲ مانگ زیندان ، ئازاد دەکرین. لە زوربەی ئەم کارەساتانەدا لاوی قاتل دوای قەتلە ناموسی یە کە، بی چرژان و لە سە رە خو، لە لای کوژراو دە مینیتە وە و چاوە ڕوانی هاتنی پولیس دە کات.

بە پیی قسە ی رە عنا حوسینی، کە تە نیا هە وال دە ریکە کە بە ردە وام لە سە ر قە تلە ناموسی یە کان دە نووسی، لە ۱۵۳ ژنی زیندانی لە ئوردوندا، ۴۰ کە سیان بو پیشگیری لە کوژران بە دە ست خزمە کانیان لە زیندانی حفاظت ی دا دە ژین.

کاتیک که رعنا عرفات، کچی بیست ویه ک ساله، له لایه ن باوکیه وه له مالی ئه و کوره ی که خوشی ده ویست، دوزرایه وه، بردرا بو دادگا. له دادگا دا به باوکی پیشنیار کرا که ره عنا بخریته بازداشتی حفاظت ی یه وه. ره عنا به هوی ناراحه تی و ترس، توانای قسه کردنی نه بوو. باوکی ره عنا ده لی که ره عنا قه راره له کوره ئاموزاکه ی زه ماوه ند بکات و به م بونه وه ش خه تاکه ی ده به خشری. باوک سه نه دیکی قانوونی ئیمزا ده کات که به پیی ئه و سلامه تی ره عنا زه مانه ت کرابوو. ره عنا دیته وه مال به لام دوای چوار روژ به ده ستی براکه ی کوژرا.

هه زاران ژن له ئوردوندا له موته که ی کوشتاری ناموسی ژیانی لی تال کردوون و هه میشه خه ته ری مه رگ به سه ر سه ریانه وه. له هه لبژاردنی پارلمانیی دوو سال له مه و پیشدا، هیچ باسیک له سرینه وه ی (لابردنی، لغو) ماده ی ۳۴۰ و ۹۸ ی قانوونی سزا نه بوو. هیچکام له ۱۷ ژنی کاندیدای هه لبژاردنه که، عه لاقه یه کیان به به ره نگار بوونه وه دژی ئه م سوننه ته وه حشیانه نه بوو. له ۲۱ی نوامبه ری ۱۹۹۹ دا نوینه رانی پارلمانی ئوردون جاریکی تر موری ته ئیدیان له قانوونی کوشتاری ناموسی دا. زوربه ی ئه م نوینه رانه ده لین که لابردن و سرینه وه ی ئه م قانوونه ده بیته هوی په ره سه ندنی بی ئه خلاقی و په یوه ندی ناره وا. هه روه ها پیاوانی "به غیره ت" و ناموس په رست به دوای ته ئیدی دووباره ی ئه م قانوونه وه، بویان هه یه که به هه ر بیانوویه ک، دایک، دایه گه وره، خوشک، کچ، نه وه ی کچ، یان خوشکی باوکی خویان بکوژن. له به ر کردنی لیباسی "نابه جی" و ره فتاری "نائه خلاقی" به کارهاتووترین بیانووی ئه م تاوانه ن.

پاریزه رانی قانوونی شه رعی ئیسلام ده لین که به پیی "شه ریعه ت" ده بی بو "زنا" چوار شاهید هه بن و دادگایی کردن و به ریوه بردنی حوکم ده بی به پیی حوکمی دادگای ئیسلامی بیت که بنه ماله هیچ ته ئسیریکی له سه ر نیه. به لام ئه وه کی یه نه زانی که له ژیر ده سه لاتی فه رهه نگی ئیسلامی و په یوه ندیه عه شیره یی و پیاوسالاری یه کان و بی مافی ته واوی ژنان له ئوردون و ولاتانی وه ک ئوردوندا، دوزینه وه ی چوار شاهید له نیو پیاوانیکدا که له نه فامی مه زهه بی و دواکه توویيدا خنکاون، کاریکی زور ئاسانه.

"یه کیه تی ژنان" ی ئوردون، دوو سال له وه پیش توماریکی بو پارلمان نارد و داوای سرینه وه ی ماده ی ۳۴۰ و ۹۸یان کرد. ئه م کاره ئاکامیکی نه بوو. گروپه کانی پاریزگاری له مافی ژنان و ریکخراوه کانی مافی مروف له ئوردون، کەمپەینیکیان بو سرینه وه ی ئه م قانوونه خستووه ته ری و تا ئیستا چوار هه زار ئیمزایان کوکردووه ته وه. ره عنا حوسه ینی رابه ری ئه م کەمپەینه هه لسوورانی خوی له سالی ۱۹۹۴ کاتیک که کفایه حسین له لایه ن "خالد" براگه وره که ی خویه وه کوژرا ، ده ست پیکرد. برای بچووکی کفایه، به ئه و که ۱۶ سال ته مه نی بوو ته جاوز ده کا و کفایه حامله ده بیت. کاتیک کفایه رووداوه که بو بنه ماله که ی ده گیریته وه، ئه و برایه ی که ته جاوزی پیکردبوو به چه قوو هیرش ده کاته سه ری. کفایه مناله که له بار خوی ده با و دواییش مه جبووری ده که ن که له گه ل پیاویک که ۳۴ سال له خوی گه وره تر بوو، زه ماوه ند بکات. پاش ماوه یه ک کفایه له و پیاوه جوی ده بیته وه و ده گه ریته وه لای بنه ماله که ی و براگه وره که ی به چه قو ده یکوژی.

سه رپه رشتی "پزیشکی قانوونی" ئوردون، معاینه ی کچانیکی زوری کردووه که بو "په رده ی بکاره ت" روویان له و کردووه. ئه م کچانه له راستی دا له نیوه ریی مه رگ دابوون، واته یه ک دوو حه وتوو به رله وه ی بکوژرین بو دلنیایی له وه ی که بزانن "په رده ی بکاره ت"یان ماوه یان نا، بردووانن بو لای "پزیشکی قانوونی". ئه م سه رپه رشته ده لی که ئه و ئیتر له مه زیاتر توانا و ته حه مولی ئه م کاره ی نه ماوه و له پروگرامی ته له فیزیونیدا ده ستی داوه ته په رده لادان له سه ر ئه م قه تله ناموسی و وه حشیانانه دا. ئه و له گه ل تاقمیک دوکتور، یاریده ده ری کومه لایه تی و یاساناس، کومیته یه کیان بو خه بات دژی ئه م قه تللانه پیک هیناوه. عاصمه قادر روژنامه وانه و پولیس کاربه ده ستانی ئه منی ئوردون به هوی خه بات دژی قه تلی ناموسی چه نده ها جار بو تحقیق بردوویانه ته پولیس، پیی وتراوه که بوی نیه وینه یه کی نیگه تیف له ئوردون بخاته به ر رای گشتی. عاصمه قادر ده لی که ئه م قه تلانه ئاکامی مه عامه له ی سیاسی "مه له ک حوسین" له گه ل گروپه ئیسلامی یه کانی ئوردونه.

ریشه ی کوشتاری نامووسی ژنان و ئه و قانوونانه ی که ئه م کوشتاره به ره وا ده دانین، له فه رهه نگی ئیسلامی دایه و به یارمه تی په یوه ندی یه گه نده له کانی عه شیره یی یه وه ده پاریزرین. له فه رهه نگی ئیسلامیدا ئازادی ژنان و به شداریان له کومه لدا ده بیته هوی فه ساد و رووخانی ئه خلاقی کومه لگا و وه خه ته ر که وتنی نامووس و ئیعتیباری پیاوه کان. وه زیفه ی پیاوه کان پاراستنی نامووسی خویان واته کونترول و به زنجیرکیشانی کاملی ژنانه. له فەرهەنگی ئیسلامیدا لە منالیەوە کچ فیر دەکەن کە "پەردەی بکارەت"ەکەی سەرمایەی ئەوە و ئەگەر لە دەستی بدات ماناکەی لە دەستدانی ئابروو و ناموس و شەرەفی پیاوەکانەوە. ئەمە فەلسەفەی کوشتاری نامووسی ژنانە کە یەکیک لە ئه رکه کان و ئیخیتارات و ئیفتیخاره کانی پیاوان له کومه لگای ئیسلام لیدراو دا. بیجگه له ولاتی تونیس، کوشتاری نامووسی ژنان مافیکی قانوونی یه که له قانوونی ته واوی ولاتانی روژهه لاتی ناوه راست و شیمالی ئافریقادا بو بکوژانی ژن، دابین کراوه. لە ئیرانی دەورەی شا دا مادەی قانوونی ۱۷۹ لە قانوونی سزادا بوو و لە دەورەی کوماری ئیسلامیدا ماده ی ۱۳۲ ی قانوونی سزا، ئه م کوشتنه واجب ده کات. به پیی ئه م قانوونه:

"ئەگەر پیاویک ژنەکەی لە گەل پیاویکی تردا لە جیگەدا، یان لە شتیکی وەکو ئەم وەزعە، ببینی بوی هەیە هه ردووکیان بکوژیت و به بی هیچ سزایه ک. به لام ئه گه ر ژنه که، خوشک یان کچی پیاوه که (واته قاتله که) بی ، له یه ک تا شه ش مانگ سزای زیندانی ده بیت."

کوشتاری نامووسی ژنان لە ئوردوندا، هەروەک وتمان بە دوای پەرەسەندنی تیکوشانی گروپه ئیسلامیه کان له م دوو ده یه ی رابردوودا، زور زیاتر بووه. رژیمه کونه په رسته کانی ده سه لاتدار له روژهه لاتی ناوه راست بو سه رکوتی خه لک، مه یدانیان ئاواله کردووه بو رمبازینی گروپه وه حشی یه ئیسلامی یه کان. کوکردنه وه ی ئیمزا و ناردنی تومار ریگاچاره ی ئه م ژن کوژی ئیسلامی_عه شیره یی و قانوونی یه نیه. ریگاچاره ی سه ره کی ئه م ژن کوژی یه به ستراوه ته به: هیرشی توند بو سه ر گروپه ئیسلامیه کان، سرینه وه ی شه رعی ئیسلام وه ک ئه ساس و بناغه ی قانوونی بنه ماله و قانوونی سزا له ولاتانی روژهەلاتی ناوەراست وە هەروەها خەبات دژی فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پیاوسالارانه و ناسیونالیستی ده سه لاتدار به سه ر ئه م کومه لگایانه دا.

***

# داشقە

ب. سولین

دەبوو نان بومروڤ بیتە سەر چوک، نەک مرو...

لە مەلابانگدانەوە بەم کارەیەوە دەجەری، هەر بەو کولانانەی وەکو ماری سربوو خویان پیچاوە، ملی ری دە گری. دە گاتە شارو یە کسە ر مە یدانی سە وزە فروشە کان هاتم. قوتدان و هاتنە دە رە وە ی لە بازارەکە دا هینندە ی ناوی... بە خوی و داشقە شە ق و شر و میوە جاتە وە دیتە سە ر شە قام.

دوای تەیکردنی هەناوی کولانەکان، لەو جییەدا دەگیرسیتەوە کە شارەوانی بوی داناون، دە نا جوولە یە ک بکات داشقە کە ی دە گرن و پولیس بە دە ردی عە رە بانە کە ی کابرای کە وکە و فروش بوی دە شکینیت.

مامە قالە بە ر لە رویشتنە وە ی، پیشە ی ئیوارانیە تی، پشتی ملی داشقە کە ی دە گری و بە رە و بازاری سە وزە فروشە کان دە کە ویتە وە ری و عە رە بانە کە ی بە زنجیر بە عە موودیکە وە دە بە ستیتە وە.

دە چیتە وە بە رە و ئە و ویرانە ی ئوردوگای "گردە چالی" پیدە لین...

کی دە توانی سە جە رە ی بخوینیتە وە...؟

هە رمالە ی لە بنار و دە شت و سارایە کە وە بە توپزی خزیندراوە تە ئیرە. هە موو خە لکی ئە م خاکە سارییە خوشی نە دیوە، یەک ناسنامەیان هەیە، یەک غەمی خولەمیشیش بە یەکیانەوە کو دەکاتەوە: مالویرانی، غوربەت، ئاوارەیی، برسیتی، رووت و رە جالی، بیزاری و سک...

ئە م خە لکە بونە تە فە رهە نگی غە م و کلولی!

ئە وە ی بووە ش بووبیت رووی کردوتە شارستان.

هەموو مامە قالە ئاسا سیخناخبووی ژیر یەک تاولە و دەواری رەشتالەی گەورە و گرانی بەلا و نەهامەتی و دەردەسەرین. رەشمالەکەی جاران نەبیت ئارامی و نەشئەی دەدا بەگیان. هوبە بە هوبە لای هە وارگە یە ک لایان دە دا... دل بیگرتایە و لە ناویدا زە ردە خە نە چروی بکردایە.

وە لی رە شمالە کانی ئیرە رە شمارن، دە رزی ئاژنی روحن و بە لە قە و زورە ملی ئە ستوندە کی لیدراوە.

*

دە ستیک دیت و سنووری ئوردوگاکە شیان پیدە بری و لە گە ل کریکارانی شاردا بە یە کیان ئاشنا دە کات. لە ویوە لە غە م و حەسرەت و فیغانی روژانە و هەمەساتەی یەکدی دەپرسن؛ ئەو دەستەش "نانە"، بە رکە مال گریی دل بو یە کدی دەکەنەوە...

ــ"ئیوە لە دییە کە ی جارانی خوتان سە پانیتان...؟"

ئە مانیش دوان و سیان بیت یا تاک تاک رووی دە میان تیدە کە ن:

ــ"ئیوە ئە م خانووە بە رزانە تان...؟"

هەولاتامەی کتێب

ــ"ئیستا چونه و هه قتان نا...؟"

ئیمه شاره زای شارستان نین و که چی کومه لیکمان گه یشتووینه ته به غدا و به سره ش! نان له گه روی...!؟

هه موو ریگا راست و پیچاوپیچه کان ده گه نه وه یه ک دوورییان...

ــ"هه موو مازووکه ره وه ی کونده  کوشین!"

ئه و جیبه بووه ته ده مه مه زه دکردنه وه ی شته رابردووه کان. هه م خوناساندنیکه به  یه کتری، ته رزه سوکناییه کیشه.

کریکاره کان شاره زا و به له دترن... سه ریان له زور شت ده رده چی، رینماییان د ه که ن "چاوساغیانن" فروفیل و په لپی خاوه نکاریشیان بو ده خه نه روو! سروشتی قسه و باس و خواستیان سروشتی ئه و شوینه و گوزه رانیانه. هه ر له به تالی بیشومار، فرینی کریی ماشین، بی ئاو و کاره بایی ئوردوگا و گه ره ک، گرانی شتومه ک و خوراک و خانوو، نه خوشی ده رونی و عیلله ته کانی تر؛ سه گبابی رژیم و به لینده ر و خاوه نکار تا ده گاته...

ــ "ئاخو که ی ده گه رییینه وه...؟"

ــ "تو بلیی پاشه روژ هه موو شت بو خومان بیت؛ سه گی ره ش بروات و سه گی سپی بیت...؟"

*

ده بینین مروف له سه ر چوکه بو نان، نه ک نان...

ئه م ناره زایی و ناشوکریانه بوونه ته گره وی روژگار. له نیوان کیشمه کیشی جه مسه ره  پوزه تیڤ و نیگه تیڤه کاندایه...

به ریه ک بکه ون چی روو ده دات...؟

- نان و مروف ته با ده بن ؟!

گه روابی داشقه که ی مامه قاله ش له گه ران ده که وی. گه ر نه شوه ستی بابه نوئیلی جیهانه  و ئوخه ی ده به خشیته وه به سه ر مالاندا.

"ئای..." له و منالانه ی چلووره  و نانی هه ورامی و گوله به روژه و پاکه ت و ئاوفروشن و بویاخچیتی ده که ن، چه نده تامی ئه و ئوخه یه ده که ن!؟

مامه قاله ی ریش چه رموو له نیو چنگی حه شامه ته که  دایه. ئاوی پیی داهاتووه. ئاسمانی شاریش بووه ته زه ره بین و ده لیی به ئه نقه ست په نگر و پشکوکانی خوره تاوی له سه ر پشتی ملی ئه و گرد کردوته وه. ئارامی له به ر هه لگیراوه و له بیپه نایی و ماندویتیدا تف له ناوچه وانی ئه و هه تاو  و ئاسمانه ملوزماویه ش ده کات!

ــ ده بی ئه دیبه  رومانسیه روح سربووه کان چونی بو راڤه  بکه ن...؟ ئه مه له  مامه  قاله ی خوشی نه دیو قبول ده که ن؟ به فینزیکه وه نابیژن: "قاله گه لحویه و له مانای خور تیناگا؟"

له و کاته دا سه وزه کانیش وه کو ده م وچاوه چرچ و لوچ بووه که ی سیس و ده م و سمیله گه وره زه ردبووه که ی به دووکه لی جگه ره  زه ردهه لگه رابوون. ته ماته کانیش وه کو ورگی بل و به چه شنی جه سته ی هیزلیبراوی ته پیون. تروزییه کانیش ده لیی چاویان له پشته کوماوه که ی کردووه بویه هه موویان چه میونه ته وه.

گیانی شه لالی ئا ره ق و به رگه که ی بووه ته  چه رم. هینده داشقه ی شه ق و شری گیراوه خویشی شه ق و شر بووه.

هەوالنامەی کتێب

خەریکە جومگەکانی شانی لەیەک دەترازین، لاقەکانیشی دوو کولەکەی لەرزوکی بالەخانەن و لەشە کفت و داییزراوەکەی مامە قالەی بالا بەرزیان لە نەرەی شانیان ناوە!

لە گورەپانی بازاردا یەک وردبوونەوە و تیرامان هەیە. فروشیارە دەستگیرەکان بە رەنگی هەلبزرکاوییەوە چاویان بریوەتە دەستەکانی ناوگیرفان. بگرە و بەردە و هەلا هەلای خەلکیش دەلیی هیرشی رەشبگیرانەی شارە زەردەوالەن بو هەنجیرە شیرینەکان.

میوەی جوان و ئاودار... سەوزەی تەر و بر و تازە لە کوی بیت، بی یەک و دوو هیرشە کە بو ئەوییە. لە و گورە پانە دا، گەر چاوی فروشیار و دەستی کریار بە یەک بگەن چەندان قالە لە و دەمە ئیوارە یەدا ئاهیکیان پیدا دیتەوە.

بەلام هەیهات ئەو ئیوارە وەختەیەش ئەمە ببیت برینە قوولەکانی مامە قالە ساریژ نابن و لە پەسا خوینیان لیدەتکی.

*

ئەو ئیوارەیە خور لەماسییەکی پوولەکە ئالتونی دەکرد کە لە ناو دەریایەکی بە خوین سووربووی زەردەپەردا لەنگەری گرتبیت. ئەم جوانییە پر لە غوربەت و سیحراوییەش وەکو هەموو جوانیەکانی دی چەند گەلایەکی هەتیوکەوتون و قەدەریکی دی گیژەلوکەی شەو دەیانوەرینی. مامە قالەی هەناوبراو و غەریبیش روحیانەتی ماسی یەکە یە و لە گەردە لوولی بی بازاریدا هیندەی نەما وە پولە گەلای خەونە سەوزە جوانەکانی بوەرن.

مامە قالە هەناسەی بو ئەوە هەلدەکیشا و شاگەشکە دەبوو. خوی سەوزە وات بوایە دەیزانی خوی دەکرد بە چ کونج و مال و دەڤەریکدا؛ چەند نیرگزە جاری چاوی ماندووی دەگەشاندەوە؛ چەند زارولە و میردمنالی لە برساگریاوی دەهینایە خەندە و پیکەنین.

مامە قالە سەوزە بوایە، بیابانی هەموو دل و خاکەساریکی دەکردە زوزان. ئیدی پیویستی بە داشقە نەبوو؛ شەقام بە شەقام و کولان بە کولان بەبەردەمی هەموو کەسیکدا بیانگیری و روویان زەردبکات.

بەمەنەدەنگی خاوەنەکەی دەنووسا، نەهاوار و گەروو دەرهاتنەکەشی قالەی لەخەونی سەوز و سوور را دەچلەکاند؛ خویشی بەسەروەتی هەموو دنیا نەدەگورییەوە، سامانی ئەو تەنیا گەدەپرکردن و خوشنودی خەلک بوو!

مامە قالەی بیگەرد و روح پەپولە، گەدەی بە پایتەخت و ئەندام و خانەکانیشی بە شار و گوند و مال و کوچەی لەش دەزانی. هەر بەو گیانە شەوە پایتەختی پر دەکرد لە هەوال و خوراکی مزر و ترش و شیرین... تا خانەکان لە سەرەمەرگ نزیک نەکەونەوە. لای وابوو برسیتی رەگی هاری پیوەیە و لەسەر دارتیل و ئەشکەوتی هزر و هوشدا پاسارییەکان جیبیان لیژ دەبی و شەمشەمە و پەپوو و واشە دەنیشنەوە.

ئەمیستاکە قالە دەبینی سەوزە نییە و ئەو ئاهوخوزگانە سەراب و خەیال بوون!! بەلکە زیوانیکە لە گورستانی داشقەکەیدا بە دیار چەندان تەرمی سەوزەوە داماوە و لە خوی دەپرسی: "هەوالی ئەم تەرمانە بو کوی بەرم...!؟ کوانوی چاوە روانی سارد و سری وردیلەکانم چون بەتەرم و هەوالی تەزینەر گەرم دەبنەوە... چون؟؟؟"

***

# ئایا مێژوو خەریکە دووپات ببیتەوە

سلیمان قاسمیانی

به به شداربوونی هیزی فاشیستی "پارتی ئازادی"، له ده وله تی ئوتریش (نه مسا ) دا، و گالته پیکردنی "یورگ هایدر" به گشت مروفایه تی پیشره و و تف کردنه چاوی ساحه ب ماله که ی، واته دیموکراسی، ره وتی فاشیستی له ئه روپادا که وته شاگه شکه. ئاخر نابی له بیرمان بچی که ئه وه هه ر به سه ر شانی دیموکراسی یه وه یه، که "یورگ هایدر" له هیلانه ی ده سه لات دا بارگه ده خات. دروست به هه مان شیوه ش بوو که هیتله ر نزیکه ی ٦٥ سال له وه پیش به کومه کی سیسته می دیموکراسی یه وه ده سه لاتی گرته ده ست. ئه وه ناشاره زایی و نه زانی خه لک نه بوو که بوو هوی به ده ست هینانی ده سه لات له لایه ن فاشیسته کانه وه، به لکو ئه وه نرخ و بیروباوه ر و ئایدیاکانی ناسیونالیستی و فاشیستی بوون که ده ستی بالایان په یدا کرد و سیبه ریان خسته سه ر رای گشتی خه لک و هیتله ریان گه یانده سالونه کانی ده سه لاته وه.

کوشت وکوشتار و نابوودی یه ک که فاشیسته کان به رهه میان هینا ، له ئاکامی نه زانی و بی ئاگاییدا نه بوو به لکوو به ری ژاراوی و کوشنده ی داری ئه و نرخ و بایه خه دژی ئینسانی یانه بوو که ئه مروش دریژه به ژیان ده ده ن و له هه ر چوار گوشه ی دنیادا به میلیونان ئینسان نابوود ده که ن. جه مامی خوینی وه حشیانه ی شه ره قه ومی یه کان له ئافریقا، کوشت و کوشتار له بوسنیا، کوسوفا و سه رجه می بالکان، دابرینی ئیسنانه کان له یه ک و سازدانی "گیتتو"کان، ناو زراندن و تا راده ی به هیچ گه یاندنی خه لکانی موهاجر له هه موو ولاته کانی دنیادا، هه موویان هه ر له هه مان سه رچاوه وه ئاو ده خونه وه که فاشیسمی هیتله ر. ئه مانه هه موویان به شیکن له هه مان جوولانه وه ی کومه لایه تی.

نه زانی و بی ئاگایی، قه تعه ن ده توانن به شیان هه بی له په ره گرتنی جوولانه وه کانی فاشیستی و دژی ئینسانی له نیو خه لکدا. به لام ئه مه به هیچ شیوه یه ک لایه نی سه ره کی مه سه له که نیه. له پله ی یه که مدا ئه وه هه لومه رجی ئابووری، و به شوین ئه ودا، سیاسی یه که موری خوی له جه وی کومه لگا ده دا. له ناو کومه لگادا خه باتیکی به رده وام و له وه ستان نه هاتوو له هه موو مه یدانه کانی ژیاندا له کولتوره وه بگره تا ئه ده ب و هونه ر، فه لسه فه، و حقوق و هتد... له به ینی ره وته کومه لایه کومه لایه تی یه کاندا له ئارا دایه. ره وتی ناسیونالیستی و فاشیستی وه کوو راست ترین بالی بورژوازی له "نه ته وه" وه کوو پیروزترین نرخ، له سه ر خاکی "خاوه نداری یه تی شه خسی"یه وه ده ست پیده کا. ئه م بوچوونه چاره یه کی ساده و میتودیکی به ده سته وه یه بو قه یرانه سیاسی و ئابووری یه کان. به رژه وه ندی "نه ته وه" له خانی یه که مدایه و "خه لکانی تر" ده بی خویان له فکری خویان له فکری خویان دابن یان بخرینه ناو کووره ی مروف سووتاندنه وه. واته، جه نگه لیکی راسته قینه یان قانوونی رووت و ره وان و وه حشیانه ی سوود.

کی له م خه باته هه مه روژه دا سه رکه وتوو ده بی په یوه ندی هه یه به چونیه تی سووک وسه نگینی هیزه کان (توزان قوا ) له مه یدانه جوراوجوره کومه لایه تی یه کاندا. هه ر سه رکه وتن و شکستیک، هه ر چه ن بچووکیش بیت، له هه ر مه یدانیکی خه باتی سیاسی و کومه لایه تیدا، ته ئسیر داده نی له سه ر چونیه تی هه لومه رج له داهاتوودا. هه ربویه هیچ شتیک ناتوانی پاکانه بکات بو بیده نگی یان له ویش خرابتر، ته حه مول کردن و چاوقووچاندن سه باره ت به ده سه لات گرتنی فاشیسته کان.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی کە ئەمرو لە ئوتریش دەگوزەری، هەر بە تەنیا مەسەلەی خەلکی ئوتریش نیە وەکوو "یورگ هایدر" و هاوکارە "دیموکرات مەسیحی یە کانیان" لە دە لە وتدا دە یانە وی بیسە لمینن و ریگەی بو خوش بکە ن. نرخی ئینسان و مافە ئینسانی یە کان مە سە لە ی هە موو مروفیکن. ئە و بوچوونە ی کە ئینسانە کان بە تە نیا لە ژیر چنگی دە سە لاتدارانی "خوولاتی"دا دە هیلیتە وە، دە بوایە زور لە مە و پیش بخرابایە زبلدانی میژووە وە. مروفایە تی نابی ریگە بدا جاریکی تریش ئەو وەحشیگەری یەی کە لەوە پیش کراوە، تاقی بکریتەوە تا لە دوایی بە بی شە رمی یە وە کونفرانسی بیرە وە ری و کە مپە ینی دروینە ی ئاگاداری و زانیاری بە خشینە ری بو بخە نە ری!

چارە چیە؟ ئایا مەحکوم کردنیکی سەرزارەکی و دوایی لە دەوری میزیک دانیشتن لە گەل هاوریکانی فاشیستی "یورگ هایدر" بو بە رزترکردنە وە ی دیوارە کانی دە وری ئە وروپا کافی یە ؟! چار چییە: دە ست لە سە ردە ست دانان و ئاهی ساردی هە لکیشان بو "نە فامی خە لک" و پاکانە کردن بو هیچ نە کردن بە بیانووی ئە وە ی کە ئە وە مە سە لە ی خە لکی ئوتریشە و ئە وان بویان هە یە "یورگ هایدە ر" بکیشنە خوارە وە یان تا ئاسمان بە رزی بکە نەوە؟! یان ئە وە ی کە لە نرخە پیشرە وە ئینسانی یە کان دە بی پاریزگاری بکری و بە هە موو هیزە وە دژی فاشیسم رابوە ستین و بە ئابرووی هە ر جورە پە یوە ندی و هاوکاری یە ک لە گە ل فاشیستە کان ببە ین!

"هایدر" و برادەرەکانی دژ بە دەخالەتی خەلکانیتر لە "کیشە ناوخویی"یەکانی ئوتریش، دە نە رینن. ئە وان خویان دە شارنە وە لە پاش "خواست و رای خە لک"، ریزدانان بو لە هە لبژاردنی دیموکراتیک، و ئە وەی کە ئە وە مافی خە لکی ئوتریش خویەتی کە دیاری بکا کی لە ولاتەکەیدا دەسەلات بگریتە دەست. قەبوول کردنی ئەم شیوە بوچوونە، هە لپە رینە بە هە وا و مە یلی فاشیستە کان و دیکتاتورە کان. نرخ و بایە خی دژی ئینسانی تە نیا بە هوی ئە وە ی کە خە لک یان جە ماوە ریکی بە رین دە نگ بدە ن بویان، نە دە بنە ئینسانی و نە شایە نی ریز! راسیسزم، رە گە زپە رستی، دژایە تی لە گە ل خە لکی بیگانە، هە لاواردن، بی مافی و نابە رابە ری بە یە ک ئە ندازە قیزە ون و جیگە ی نە فرە تن، جا چ تە نیا چە ند کە سیک یان بگرە بە میلیارد کە س، باوە ریان پی بیت! باسە کە لە سە ر ئە و نرخە ئینسانی یانە یە کە بو لیبوردن و سازش لە سە ر کردن نابن. بە نیوی دیموکراسی و مافە دیموکراتیکە کان، ریز و حورمە ت بو جوولانە وە دژی ئینسانی یە کان و نرخە کانیان ناکردریت!

هەندی لایەن باسی ئەوە دەکەن کە راگەیاندنە گشتی یەکان لە سەر مەحکوم کردنی ئەو هیزە، تەواوکەرە و ئیزولەکردنی دەولەتی ئوتریش تەنیا دەبیتە هوی بەرز بوونەوەی جەوی ناسیونالیستی و لایەنگیری زیاتر لە فاشیستەکان. ئەوانەی کە ئەم مەترسی یەیان هەیە نایانەوی ئەو مەترسی یە واقعی یە ببینن کە هە ر ئە مرو لە مە یدان دایە و خە ریکە پی دە نیتە سە ر سە ری مروفایە تی. ئە وانە نابینن کە قسە لە سە ر رە وتە کومە لایە تی یە کانە کە هە ول دە دە ن ئالوگوری لە کومە لدا پیک بینین و بوچوونە کانیان بو چارە سە رکردنی موشکیلە کانی کومە لگا، ببیتە بوچوونی کومەل. کاتیک "دیموکرات مەسیحی یەکان" بی ئەوەی شەرم بیانگری موزاکرەی پیک هینانی کابینەی دە ولە ت لە گە ل فاشیستە کان دە کە ن، ئە وە لە خویدا سە رکە وتنیکە بو رە گە زپە رستە کان. کاتیکیش کە لە دە ولە تدا جیگە یان پیشکە ش دە کریت واتە پاک بوونە وە و دە بنە نوینە رانی "جیگە ی ریزی حکومە ت" کە بە خە لک پیدە کە نن و تف دە کە نە چاوی میژوو و بە ملیونان ملیون قوربانی یە کانی نازیسم و رە گە زپە رستی.

ئەو پەری خامی یە ئەگەر کەسیک پیی وابیت رەوتەکانی نازیستی و دژبە بیگانە لاوازتر دە بن ئە گە ر بە توندی دژیان نە جوولیینە وە . ئە م جوولانە وانە بە بیدە نگی کردن لە بە رابە ریاندا هیچیان لە گە ل ناکری چون بناخە ی بوچوون و نرخە کانیان بە شیکە لە سیستە می کاپیتالیستی. بیدە نگی لە خویدا کداریکە و چرایە کی سە وزە کە کوژاندنە وە کە ی لە دواییدا کاریکی وا ئاسان نیە! جە نابی "یورگ هایدر" و باقی هاوریکانی لە دە ولە تی ئوتریشدا نابی هە رگیز ئیمکانی ئە وە یان پی بدری تا بە اصطلاح بتوانن نیشان بدە ن چین! ئە وە ی ئە وان پیویستیانە شە قیکە بو گە یاندیان بە زبلدانی میژوو.

ده وله تی ئوتریش به فاشیسته کانی ناو باوه شیه وه ده بی به خاتری که رامه ت و مافی مروف بایکوت بکری. هه ر جوره په یوه ندیکی دیپلوماتیک و سیاسی له گه ل ئه م رژیمه به مانای پاکانه کردنه بو فاشیسته کان و ریگه خوشکه ری یه بو ئه‌وان له گشت ئه‌وروپادا. لیبوردن و مه‌دارا کردن له گه‌ل ده‌وله‌تیکی ئاوا له هه‌مان کاتدا بزماریکه له تابووتی دیموکراسی خویشیدا و له بیربردنه وه یان قه بوولی ئه و کوشتار و نابوودیه یه که نازیسته کان کردیان. میژوو هه رگیز له و هیزانه ی که خویان له نابه له دی ده ده ن یان له ویش خراپتر هاوکاری ده وله‌تی فاشیستی "هایدر" ده که ن، خوش نابیت.

***

هەواڵنامەی کتێب

# نامەیەکی ئاواڵە

بە ریز: مام جە لال

بە ریزان: ئە ندامانی مە کتە بی سیاسی (ی.ن.ک)

بابە ت: روونکردنە وە

گە لی کورد و بە رسڤە کە ی گە لیک نوشستی و هە ستانە وە ی بە خویە وە بینیوە بە لام هە ستانە وە ی ئە مجارە ی خە لکی بەش مەینەت و ئازا و دلیر، لە راپەرینی ئازاردا، بە هاوکاری شورشگیرانی ریگای ئازادی و ژیان، قە لای زولم و زورداریان رماند؛ لە ئەنجامدا کەش و هەوایەکی نیمچە ئازاد و سەربەخو دروست بوو کە تییدا بە رە ی چە پ و شورشگیران لە لایەک، راسترەوە ناسیونالیستەکان و تورە جاسوسیەکان لە لایەکی تردا تەراتینیان دەکرد. لەم بارودوخە دا تیرور و کوشت وبر بە رجە ستە بوو، کە زور لە شورشگیران کە وتنە توری تیروریستانی ناوخو و دە رە کی یە وە. لەم بوارەدا دەمەویت ئەوە روون بکەمەوە کە تیرورکردنی "حەمەدوزی" چەند پەیوەندی بە من و خیزانی منەوە هەبووە:

١ــ لە دوور تا نزیک هیچ پە یوە ندیە کم بە و کارە تیروریستی یە وە نە بووە و نابیت.

٢ــ چ وە ک من، چ وە ک ئە و ریکخراوە ی کارم تیدا دە کرد (کومە لە ی خە باتی سوور)، دژی هە موو جورە کاریکی تیروریستی بووین.

٣ــ بە هیچ شیوە یە ک کارم لە گە ل هیز و لایە نە ناسیونالیستە کاندا نە کردووە و ناشی کە م، بە حوکمی ئە وە ی خوم بە چە پرە و و "کومونیست" پیناس دە کە م. بویە هە ر پروپاگە ندە یە ک کراوە بە رامبە ر بە من، گوایە من ئە ندامی "پارتی دیموکراتی کوردستان"م لە گە ل ریزمدا بو ئە و ریکخراوە، لە لە کە دارکردنی کە سایە تی من و پروپاگە ندە یە کی پروپووچ بە ولاوە چیتر نە بووە. بیر و هە رزی من مارکسیزمە و لە کوتاییشدا مایە پووچی و ریسوایی میوانی پروپاگەندەکەرانە.

پاش ئە وە ی لە سە ر ئە و بابە تە پە یوە ندیم بە گە لیک دە زگا وکە سایە تی ناودار و خە باتگیرانە وە کردووە، ویستوومە لە و ریگە یە وە بیتاوانی خوم نیشان بدە م و تا پروپاگە ندە کە ران ریسوا بن و ریگە چارە یە ک بدوزمە وە بە لام تا ئیستا بیهوودە بووە. چونکە ئە وە ی بە رامبە ر بە من و خیزانی من کرا، هە ر لە کاری رژیمی فاشی بە غداد دە وەشیتە وە نە ک ریکخراویکی کوردستان، لە کاتیکدا "ی.ن.ک" بانگە وازی دیموکراسیی، مافی مروف و ئازادی بیرورا دە کات، بە لام ئە و کارە نە شیاوە کرا بە رامبە ر خیزانی من تە واو دژ بە و دروشمانە ی سە رە وە یە. کاتیک باوک و دایک و برام گیران لە جیاتی من، بە راستی سە ردە می بە عسی فاشیم هاتە وە یاد. بە هە ر حال مالی باوکم تالان کرا، تاکو ئیستا دە ست بە سە ر مالە کە ماندا گیراوە، نازانم ئە م یاسا دیموکراتیە کومە لایە تیە لە کویدا سە رچاوە دە گریت کە بە و شیوە رە فتار لە گە ل خیزانی مندا کراوە و دە کریت. "ی.ن.ک"یش بانگە وازی ئازادی بیرورا دە کات، هە روە ها لەگە ل "پ.د.ک"دا ئالوگوری بە ندی یە کان و مالە ئاوارە کان دە کە ن. گریمان من تاوانبارم!! ئایا باوک و دایک و خوشک و برا دە بیت چ بیت بە و شیوە رە فتاریان لە گە لدا بکریت!

بە ریزان! سە بری یوسفیش بیت بە سە ! ئە وا ماوە ی پینج سالە مالی باوکم دە ربە دەرن، هە روە ها لە هە موو مافیکی مروفایەتی بیبەشکراون، هیچ هیزو لایەنیکی سیاسی دەستی یارمەتی بو دریژ نە کردوون، لە کاتیکدا ئاوارە ن لە هە ولیرن! جا بو دواجار پە نا بو ئە م نامە کراوە یە دە بە م بو ئە وە ی تە واوی شە رە فمە ندان و شورشگیران ئاگادار بن و ویژدانیان بهەژیت بەرامبەر باوکیکی خەباتکەری ماندوونەناس و دایکیکی خاوەن کورپەی شەهیدو حەوت میرمندالی تر. دە مە ویت بو دواجار ئە وە دووبارە بکە مە وە، بە هیچ شیوە یە ک پە یوە ندیم بە و کارە وە نە بووە. ئە مە ش لە

ترسه‌وه نیه واده‌لیم، به‌لام ویژدانم ئازارم ده‌دات که کاریک تییدا به‌شدار نه‌بووم به‌و شیوه ره‌فتار له گه‌ل خیزانه که مدا بکریت.

به‌ریزان! تکایه ئه‌گه‌ر تا ئیستا ئاگادار نین چی له خواره‌وه ده‌گوزه‌ریت، با ئیستا ئاگادار بن. گه ر ئاگادارن و هه‌ولتان بو نه‌مانی نایاسایی بووه، ئیتر به‌سه با خه‌لکی بیتاوان نه‌بنه قوربانی بیری نه‌خوش و پروپاگه‌نده‌ی بی سه روبه ر. بو ئه وه ی مروفه لاوازه کان له وه زیاتر نه چه وسینه وه، گه وره و به‌رپرسان کاری دزیو و ناهه موار نه که ن به رامبه ر جه ماوه ر، یا ئه وه تا وه ک یاسای ناودارستان ره فتار بکریت، ئه و کاته ش هه موو مروفیک به پیی توانای خوی هیزی به رگری تیدایه بو به رگری کردن له خوی. ژیان کاتیک خوشه مروف به ئازادانه ده نگی دلیری هه بیت. ژیان خوشه، به لام له وه خوشتر مردنه له پیناو ئازادی و مروفایه تیدا. چونکه ئازا یه کجار ده مریت و به نه مری ده مینیته وه ، به‌لام ترسه‌نوک هه‌موو کاتیکی مردنه. تاوانی منیش ته‌نها ئه‌وه‌یه باوه‌رم به ئازادی بیرورایه، خه باتم بو ئازادی به شه رییه، نه ک کلکایه تی و خوفروشی و خوبه ده سته وه دان.

له کوتاییدا هیوای سه‌رکه‌وتن بو شورشگیرانی ریگه‌ی ئازادی ده‌خوازم. مردن و رووره‌شیش بو پیاوکوژان و تیروریستان و زورداران و چه وسینه ران. بژی ئازادی بیرورا، مردن و سه رشوری بو به کریگیراوان و تیروریستان!

حه سه ن سه یدباقی

ئه لمانیا ١٢_٠٢_٢٠٠٠

هەواڵنامەی کتێب

***

# هەواڵەکان

ئامادە کردنی: سەردار عبداللە

## کامیرای شاراوە گاڵە بە خەڵکی هەولێری پایتەخت و دەوروبەری دەکات

ماوه یه ک به بونه ی مانگی ره مه زان که نالی سه ته لایتی کوردستانی سه ر به پارتی دیموکراتی کوردستان به رنامه یه کی روژانه ی په خش ده کرده وه به ناوی کامیرای شاراوه. پیش هه ر شتیک ده بوو ئه و به رنامه یه ناوی کامیرای ئاشکرا بوایه چونکه زوربه ی جار به ئاشکرا به بی ئه وه ی هیچ کامیرایه ک شاردرابیته وه پیشکه شکه رانی سه ر و دلی خه لکیان ده گرت .
پیشکه شکه رانی به رنامه که به سود وه رگرتن له ته نگ و چه له مه و موسیبه تیه کانی خه لکی کوردستان، به تایبه ت سک هه لگلوفینی مانگی ره مه زان که وای له خه لکی کردبوو بی مه به ست هه لبچن و شه ر به یه کتر بفروشن، به رنامه که یان دروست بکه ن.
ئه مان ده هاتن و که سیکی ماندوویان ده گرت و تا بویان بکرایه عه سابیان ورد ده کرت، تا ئه وکه سه کاردانه وه یه کی سه یری ئه نجام ئه دا، جا جنیودان بوایه، لیدان و شکاندنی مناله کانیان بوایه هیچ گرنگ نه بوو، گرنگ ئه وه بوو که کاکی پیشکه شکه ر برگه یه کی ئاماده کردبایه و نانی خوی پی مسوگه ر کردبایه.
جا ته نها شتیک که پیشکه شکه رانی ئه و به رنامه یه له بیریان نه بوو بیکه ن، ئه وه بوو که به چه کی سووک و نیوه قورس دوای هاوولاتیان بکه ون له نیو شه قام وکولانه کانادا و که له پاچه یان بکه ن، ئا زای ئه نامیان بکه نه خوین و... پاشان پییان بلین ببورن کامیرای شاراوه بوو!!!

## تالیبانەکانی ئەفغانستان و چاوی کامیرا

زاناکانی سەدەی نوزدە و بیست لە بروای ئالوگوری گەورە و چاوەروان نەکراودا بوون بو سەدەی بیست ویەک بەتایبەت سالی ۲۰۰۰. بەلام ئەوەی هەرگیز بەبیری ئەو بەریزانەدا نەهات پەیدا بوونی بزووتنە وە ی تالیبان و هاوقوماشه کانیان بوو. جا له هه موو ئه مانه ش گرنگتر پیشبینی نه کردن بوو له دابه زینی بزووتنه وه ی تالیبان له یه کی له بنه ما سه ره کیه کانی ئاینی ئیسلام، که ئه ویش ریگادانه به ئاژانسه خه به ریه کان و گرتنی وینه ی فوتوگرافی و ڤیدیویی له نیو بالویزخانه که یان له پاکستان که مه لا عومه ری وه زیری ده ره وه یان بو یه که م جار فتوای له سه ردا.
جا ئه م ئالوگوره ریشه ییه له ئه قلیه تی به به ردبووی تالیبانه کان ناچیته ئه قله وه، وه ک ده لین ئاخری خیر بیت و به ئومیدی ئەوەی ئومەتی محمد بە یەکیکیتر لە نیشانەکانی ژیرە وژوور بوونی دنیا و ئاخرزەمان و گەرانەوەی حه زره تی عیسا و مهدی نه یه نه قه له م.

## گویدریژی بەستەزمانیش بووە درندە

که نالی ئاسمانی "الجزیره" رایگه یاند، که روژنامه نووسیکی عیراقی لیکه وتوو به هوی باری سه ختی گه ماروی ئا بووری، ئیستا لە بری کاری روژنامەگەری بە قەل و مریشک بەخیوکردن بژیوی خیزانی مسوگە ر دە کات. ئه م به دبه خته به قه ولی شوفیری شره تاکسیه کی سلیمانی دوش بخوات دانی ئه شکی.
روژیک یەکی لە دوستەکانی بەسواری گویدریژیک دیتە میوانی. گویدریژی گیاخور لای قە ل و مریشکە کان پارک

ده كات، پاش ميوانداری گه رم و هه ستان چی ببينن ؟! گويدريژ بوته  درنده يه كی گوشتخور، پلنگ و گورگ له  ده ستی هه لدين! گويدريژ ده كه ويته  گيانی مريشكه كان و  يه كيكيان به په ره وه  لوش ده دات. جا ئه گه ر له  سايه ی گه ماروی ئابووری گويدريژی به سته زمانی بيوه ی بايولوژييتی خوی بگوريت و ببيته  هيرشبه ر و درنده، جا خه لكی سته م ديده ی عيراق خوتان بگرن بو ئالوگوره  سامناكه كه ی صه دام حسينی له  بنچينه دا درنده؟!

***

هەواڵنامەی کتێب

# من تیکوشام تا مروف بم!

نامەی چارلی چاپلین بو کچەکەی

**عە لی کیتابی لە فارسی یە وە کردوویە تە کوردی**

کچم ژرالدین !

ئیره شه وه ... شه ویکی نوئیل. له برج و بارووه چکوله که م دا، گشت له شکره بی چه که کان نوستوون، خوشک و براکانت هه تتا دایکت . به زه حمه ت توانیم بی ئه وه ی ئه و په له وه ره نوستووانه وه خه بەر بینم خوم بگه یه نمه ئه م هوده چکوله نیوه تاریکه، ئەم هودەیەی چاوەروانی مەرگ. من لەتو فره دوورم فره... بەلام چاوه کانم کویربن گه ر ته نیا تاویک دیمەنی تو لە کاسەی چاوەکانم دوور کەنەوە. وینەی تو لەویدا. لەسەر میزه که مه ، دیمه نی تو لیره دا، له سه ر پەرەی دلمدایە. بەلام تو لەکویی ؟ لەوی لە پاریسی سیحرباز، لەسەر تەختەی شانوی شکوداری تماشاخانەی «شانزەلیزە » سەما دەکەی، هەست بە خشپەی پیت دەکەم، هەر دەلیی لە بیدەنگی شەوانە لە گویمدا دەنگ دەداتەوە ، لە م شەوەزەنگی زستانەدا ئەستیرەکانی چاوەکانت دەبینم، بیستوومه نه خشی تو له و شانویه پرنوور و شکویه دا، نه خشی شازاده ی به دیل براوی ئیرانی ئه سیری ده ستی خانی تاتاره . کچم شاژن به و سه ما بکه، ئه ستیره به و بدره وشیوه، به لام ئه گه ر قاقای پیکه نین و ستایشی تماشاچیان و عه تری مه ستی هینه ری ئه و چه پکه گولانه ی بویان ناردوویت ، مه جالی وشیاری بو هیشتی، له کونجیکدا دانیشه نامه که م وه خوینه و گوی بو د ه نگم راگره ، من باوکتم ژرالدین! ئه وسا که مندال بووی له ژوور سه رتدا داده نیشتم چیروکم بو ده گوتی: چیروکی لاوی نوستووی ناو لیره وار، چیروکی حه زیای بیداری بیابان، که خه و له چاوانی پیرم نزیک ده بوو، سه رزه نشم ده کرد، ده م دایه به ر تانه و توانج ده م گوت : "لاچو برو توخنم مه که وه، من له قوولایی خه یالی کچی خومدا خه وتووم " خه ونم ده دیت ، له سه ر ته ختی شانودا فریشته یه کم دیت ، به سه ماوه سه مای ده کرد، به گویم ده م بیست ، تماشاچیان به ئاوا به یه کتریان ده گوت : ئه و کچه ده بینن ؟ ئه وه کچی کابراپیره ی قه لخه کونه، کام قه لخه کون چارلی!

بەلی من چارلی باوکیتوم، پیرم هەر وەک کەولە کونم. ئیتر ئیستا نورەی تویه تا ده توانی سه ما بکه ! من به پاتولی فش و فول، پینه کراو، بریک دراو سه مام ده کرد. تو له کراسی ئاوریشمی شازاداندا سه ماده که ی . به ئاهەنگی هورا و چەپلە تماشاچیان هەلتدەنین بو سەماوات، بو کەهکەشان! برو بو وی! بو ویش برو! بەلام جاری بو سه رزه وین واول که رو، ژینی خه لکی تماشاکه: ژینی سه ماکه رانی گه روکی، پیخاوسی ناو، کوچه و کولانی تاریک، تماشاکه: به بینه وایی، برسی و پیخواس، لاقی له رزوک هه لده په رن . چاک تیفکره، ئه منی بابت له وانه بووم! له شه وانی ئه فسانه یی مندالیتدا به قسه ی خوش و لایلایه ده مکردیه خه و، به لام خومی خه و لیزراو تا به یانی تیم ده روانیت ، گشت لیدانی دلتم ده ژمارد، به خوم ده گوت : "ئه ری چارلی ! ئایا ئا ئه م بیچوه پشیله چاو پشکووتووه، بشی دواروژ تو بناسی؟"

ئازیزه که م تو نامناسی! شه وانی دووری رابووردوو، زور چیروکم به گویتدا گوت : به لام چیروکی ژینی خوم، قه ت پیت نەگوت. چیروکی منیش، شایانی بیستنه، چیروکی ئەم قەلخەکونە، بە برسیەتی لە پەستترین کوچە و کولانی لەندەندا، گورانی دەگوت ، هەلدەپەری، پارەی سەدەقەی وەردەگرت. ئەمە چیروکی کونی منە . چیژی نه بوونی و برسیه تیم زور چه شتوه . ویرای ئه مانه، من ده ردی نه داری و هه ژاری، ئه و شرپوشه گەروکانە یشم چیشتووە . لە کاتیکدا به ده س پان کردنه وه، بو تاقه تنه نیکی سه ده قه ی راگوزه ریک، شه پولی به حری دلی پر شه هامه تیان ده نیشته وه : هەستم دەکرد. سەرەرای ئەمانە ئەمن زیندووم، لەو مردوانەی بەر لەمردن نابی لییان بدوین! چیروکی من بو تو که لکی نیه، با له باره ی تووه بدویین! ناوی من پاشکوی ناوی تویه: چاپلین! به م ناوه وه ماوه ی ۴۰ سال خه لکی دنیام

هینا که نین، زورتر له وه ی ئه وان که نین بوخوم گریام ژرالدین. ئه و دنیایه ی توی تیا د ه ژیت، ته نیا دنیای موسیقا و سه مانیه.

کاتیک له نیوه شه‌ودا له هولی پرشکوی تماشاخانه دییه ده‌ری، گشت ئه‌و ده‌وله‌مه‌ندانه‌ی ستایشت ده‌که‌ن، فه‌راموشکه، به لام سوراخی ژیانی مال و مندالی ئه‌و شوفیره تاکسیه بگره که بو مالت ده‌باته‌وه ، جویای حالی ژنه که ی به... گه ر ئاوسه و پاره ی کرینی لانکه و پوشاکی کورپه که ی نیه، زور به نهینی وه ک مروڤیکی بیئه ندیش چه ک راکیشه، بیخزینه ناو گیرفانی میرده که یه وه ، دلنیابه، من به نوینه ری خوم له بانکی پاریسم را گه یاندوه، ته نیا و ته نیا ئه م جوره خه رجانه ت جیگای ره زامه ندی منن. ئه مما بو باقی خه رجه کانی دیکه ت پیویسته لیسته ی حه سابت بنیری. کچم جارجار به ئوتوبوس و به میترو به‌شاردا بگه‌ری ژیانی دانیشتوانی شار تماشاکه، بیوه ژنان، مندالانی بی‌باوک و هه‌تیو تماشاکه، لانی که‌م روژی جاریک به‌خوت بلی: "منیش یه‌کیکم له‌وانه ! کچم تویش یه‌کی له‌وانه ی ! نه‌زیاد، نه که‌م! ئه‌وه‌ش بزانه، هونه‌ر به‌ر له‌وه‌ی دووبال بو فرین به مروڤ بدات، ئه غله ب لاقه کانی ده‌شکینی. هه‌رکات له چرکه‌یه‌کدا هه‌ستت کرد که تو له تماشاچیانی هونه‌ر ه که ت به نرخ تر و به ریزتری، له و له حزه دا ته ختی شانو به جی بیله، به یه که مین تاکسی خوت بگه یه نه "حوومه ی پاریس" . من ئه و شوینه باش شاره زام . زور له میژه ئه و جیگایه بیشکه ی به هارانی کاولیانه ، له وی دایه سه ماکه رانی هاوسه نگ و نرخی خوت ده بینی . جوانتر له تو، چاکتر له تو، چالاک و سه رکیشتر له تو، سه ما ده که ن ، له وی نوور هاویژی چاو کویرکه ر، وه ک تماشاخانه ی شانزه لیزه هه رگیزاو هه رگیز نه بینراوه . نوورهاویژی تماشاخانه ی کاولیه کان مانگه‌شه وه و سه ر په نایان میچی ئاسمان! ورد بنواره و باش تیفکره . ئایا له تو جوانتر له تو باشتر سه ما ناکه ن؟ به خوت بسه لمینه که هه میشه که سانیک هه ن له تو باشتر سه ما بکه ن و شمشال لیده ن .

ئه‌وه‌یش بزانه، تاکوو ئیستا، له بنه‌ماله ی چارلی دا، که‌س هیند چارداوه‌روو نه‌بووه، به چاوی سووک بنواریته گاریه چی یان سوالکه رانی برسی و پیخواس و داماوی گویی چومی سن . ئه من ده مرم تو ده مینی، هیوادارم هیچ کات هه ژار و ده س کورت نه بی . له دوو تویی ئه م نامه دا، چه کیکی سپیت بو ده نیرم، به که یفی خوت ره قه م لیده و پوول وه‌رگره، به‌لام هه‌رکات تاقه دوو تمه‌ن خه‌رج ده‌که‌ی، به‌خوت بلی: "تمه‌نی سیهه‌م هی‌من نیه، بیشک هی که سیکی داماو و بی ناونیشانه، که هه ر ئیستا بو په ناباتیک چاوه روانه."

پیویست به پشکنین ناکات داماوه بی ناونیشانه کان یه کجار زورن و له گشت لاهه ن . ئه وه ش بزا نه با پیت بلیم گه ر له پول و پاره ده دویم، من له فیل و ته له که ی منداله شه یتانه کان، ئاگادارم ، من عومریکم له گه ل "سیرک" و به ن بازاندا بردوته سه ر، کاتیک ده مدی به ن بازه کان به حه واوه به سه ر به نیکی باریکدا دین و ده چن، نیگه ران بووم . به لام با ئه و راستیه شت پی بلیم کچم: خه لکی له سه ر زه وینی پان و به رین دا، زورتر له به‌نبازانی سه ر به نی باریک و به رز ده که ونه خوار ملیان ده شکی .

ره نگه شه ویک شه وقی گران به هاترین گه وهه ری ئه م دنیا یه فریوت دات . ئه و شه وه و ئه و گه وهه ره ده بیته په تی پورتوکاوی ژیر پی و ژیانت، بیشک ده که ویه خواره وه . ره نگه روژی رواله تی جوانی شازاده یه ک فریوت دات . ئه و روژه تو ته ناف بازیکی ناشیت . به ن بازی نا شیش زور زوو ده که ویته خواری . دلت به زیر و زیو مه ده ، چونکه به نرخترین و پرنوورترین ئه لماسی دنیا تیشکی روژه، به خوشیه وه له ملی هه موو که سیک دا ده دره‌وشیته وه . ئه مما ئه گه ر روژی دلت دایه تیشکی هه تاوی سه ر و سیمای پیاویک، له گه لیا یه کدل به . به دایکتم وتووه له م باره وه به نامه له گه لت بدوی . چونکه ده زانم ئه و له من باشتر خوشه ویستی ناسیوه، ئه و له من باشتر ماموستای په یوه ندی دلانه . من ده زانم کاری تو یه کجار گرینگ و گرانه، جه سته ت له سه ر ته ختی شانو جگه له چه پالیک حه ریر هیچی له شت داناپوشی، ده کری به بونه ی فه ن و هونه ر هه میشه به رووت و قووتی بچیته سه ر ته ختی شانو، به داپوشراوی ساغ و سه لیم بییته خواری. به‌لام هیچ که‌سیکی دیکه شایانی ئه‌وه نیه که کچیک بو خاتری ئه‌و نینوکی پیی رووت کات . رووت و

قووتی نه خوشی چاخی ئیمه یه . من زور پیرم ره نگه وته کانم پیکه نین هینه ربن . به لام به بروام، له شی رووت و قووتی تو ده بی هی که سیک بی، که تو روحی رووت و قووتی ئه وت ده وی .

روله م ژرالدین!

ته نیا و جارجار خوت له ئاوینه دا ببینه . له ویدایه من ده بینی . خوینی من له ناو ده ماره کانی تو دایه . هیوادارم تا ئه و کاته ی خوین له ناو ده ماره کانی له شمدا وشک ده بیت ، چارلی ، باوکت له بیر نه که ی . من فریشته نه بووم به لام به هه موو تین و توانم تیکوشا وم تا مروڤ بم . تویش تیکوشه .

چاوه کانت ماچ ده که م

سویس سالی ۱۹٦۴

***

## تەنیا سەرنج

کامران عبدالکریم / ئەلمانیا

له ژماره ١٤ی سالی ١٩٩٩ی گوفاری هانادا، سالی ٢٠٠٠ی زایینی پاشکەوتووخواز بە شیوەیەك تیربارانی تیری پیشکەوتووخوازی کراوە نازانم بلیم مەگەر هەر پاشکەوتوو یان پیشکەوتووەکانی هانا بزانن کە چون بووە بە دەواری دەم رەشەبا.

بەلام هەمان ژمارەی هەمان گوفار بە خەتیکی زور جوانی ئینگلیزی و کوردی (تیپی عەرەبی) پیروزبایی هەمان سال لە خوینەرانی دەکات، منیش یەکیکم لەو خوینەرە بەدبەختانەی کە هانا وای لیکردم نەزانم شایەتمان بە چ لایەکیاندا بینم!!!

بەلام خوشبەختانە دووری‌یانیکە و نابیتە دووان چونکە ئەتوانم، وەك چون هانا توانی جیگەی ئەو دوو شتە ناقولایە لە خویدا بکاتەوە، خەت وشیری بو بکەم و لە یەکیکیان خوم رزگار بکەم!!

*********